Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090420

# کێشەی کورد لەپەیوەندییەکانی تورکیاو سوریا لەڕوانگەی ئاسایشی نەتەوەیی‌و ئاسایشی ئاوییەوە (1987-1992)

سلام عبدالکریم عبدالله

بەشی مێژوو - سیدصادق// کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان // زانکۆی سلێمانی

ڕەنجدەر محمد عزیز

بەشی مێژوو // کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان // زانکۆی هەڵەبجە

*Article Info*

Received: September , 2022
Accepted : November ,2022
Published :December , 2022

*Keywords*

**تورکیا، سوریا، کێشەی کورد، کێشەی ئاوی، ئاسایشی نەتەوەیی، ئاسایشی ئاوی.**

*Corresponding Author*

Salam.abdulla@univsul.edu.iq
ranjdar.azeez@uoh.edu.iq

**پوختە**

**لەدامەزراندنی کۆماری تورکیا(1923)وە کێشەی کورد کاریگەرییەکی گەورەی کردۆتەسەر پەیوەندییە دەرەکییەکانی و مەترسییەکی گەورە بووە بۆسەرئاسایشی نەتەوەیی ئەووڵاتە. ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو بەهۆی سەرهەڵدانی خەباتی چەکداریی کورد، ئەووڵاتەی ناچارکرد بەرێگەی جۆراوجۆر کۆشش بۆ تەوقدانی ئەو کاریگەرییە بکات لەپەیوەندییە هەرێمییەکانیدا بەوڵاتانی دراوسێیەوە، بەجۆرێك تورکیا هەوڵیداوە ئەو پێدراوە گرنگانەی، کەهەیەتی لەخزمەتی بەرژەوەندی‌و ئاسایشییە نەتەوەییەکەیدا بۆ بەگژاچوونەوەی مەترسیی‌و هەڕەشە ناوەکی‌و دەرەکییەکان بەکاربێنێت، هەرلەپێگە جیۆپۆلەتیکییەکەیەوە تادەگاتە سامانە ئاوییەکەی. بۆیە لەپەیوەندی لەگەڵ وڵاتی سوریا، سەرباری بوونی کێشەی سنوورو پارێزگای ئەسکەندەرونەو کێشەی کورد، تورکیا کاری لەسەرگرێدانی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بەئاسایشی ئاویی سوریاوە کردو لەو رێگەیەوەو بەبەکارهێنانی کارتی ئاو گوشاری لەسەر سوریا دروستکرد بۆدەستهەڵگرتن لەپشتیوانی‌و داڵدەدانی جوڵانەوەی چەکداریی کورد، کەخاکی ئەووڵاتەیان بۆ هێرشکردنە سەر ئامانجە ئاسایشی‌و سەربازییەکانی تورکیا بەکاردەهێنا. ئەمەش لەو دیدوتێڕوانینەوە سەرچاوەی گرتبوو، کەسوریا پێویستییەکی زۆری بەئاو هەبوو بۆ بوارەکانی کشتوکاڵ‌و پیشەسازیی‌و خواردنەوەو بەشێوەیەکی سەرەکیش پشتی بەئاوی رووباری فورات بەستبوو، لەکاتێکدا ئەو رووبارە لەناو خاکی تورکیاوە هەڵدەقوڵاو دواتر دەچووە ناو خاکی سوریاوە. بۆیە کێشەی کورد کاریگەریی‌و ڕەنگدانەوەی لەسەر رێکەوتننامەو پرۆتۆکۆلە سیاسیی‌و ئاوییەکانی نێوان تورکیاو سوریا لەنێوان ساڵانی (1987-1992) هەبووە لەروانگەی ئاسایشی نەتەوەیی‌و ئاسایشی ئاویی ئەو دوو وڵاتەوە.**

## پێشەکی:

کێشەی کورد لەو کێشە سیاسییانەیە، کەلەدروستبوونی کۆماری نوێی تورکیاوە وەك مەترسییەکی سیاسیی‌و ئاسایشی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە لەلایەن حکومەتە یەك لەدو ایەکەکانی ئەو وڵاتەوەو مامەڵەیەکی و اقیعی‌و تەندروستی لەگەڵدا نەکراوە. جیا لەمەش لەبری وتووێژو رێگەی ئاشتیانە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، بەپێچەو انەوە حکومەتەکانی تورکیا هەمووریّو شوێنە سەربازییەکانیان لەدژی گرتۆتەبەر، هەربۆیە تائێستاش بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. ئەمجۆرە مامەڵەکردنەی تورکیا پەیوەندی بەو رو انگە ئاسایشییەوە هەیە، کەبالّی کێشاوە بەسەر کۆی سیاسەتکردنی ناوخۆیی‌و دەرەکی ئەو وڵاتەوە لەپەیوەندیی‌و سیاسەتی دەرەوەیدا لە سەرئاستی جیهانی‌و هەرێمیی، بەدیاریکراویش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی، کەئەو انیش هەریەکە بەشێك لەکوردستانیان بەسەردا دابەشکراوەو کورد لەوڵاتەکانیاندا بوونی هەیە.

سەرباری ئەوەی چەمکی ئاسایش‌و ئاسایشی نەتەوەیی لەسەر ئاستی جیهانی گۆڕانکاریی لەماناو تێگەیشتندا بەخۆوە بینیوەو تەنها لەچوارچێوە سەربازییەکەدا نەماوەتەوە، تورکیا هەوڵیداوە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی لەسەر ئاستە جیاوازەکان پەرەپێبداتو دژ بەمەترسییە ناوخۆیی‌و دەرەکییەکان بەکاربهێنێت لەرێگەی سوودوەرگرتن لەدەرامەتە سروشتییەکانییەوە، کەیەکێك لەو انە سامان‌و داهاتی ئاوییە. بەو پێیەی تورکیا خاوەنی گەنجینەو سامانێکی ئاوی گەورەیە لەسەرئاستی جیهان‌و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە هەوڵیداوە ئەم سامانە ئاوییە وەك کارتی گوشاردژبەوڵاتانی دراوسێ بۆ پارێزگاریکردن لەئاسایشی نەتەوەیی خۆی بەکاربهێنێت بەتایبەتیش بۆ تەوقدانی کاریگەری کێشەی کوردو جوڵانەوەی چەکداریی کورد لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی ر ابردوودا، کەسوریایان کردبووە پەناگەیەك‌و لەوێوە چالاکی پارتیز انی‌و دژ بەئامانجە سەربازیی‌و ئاسایشییەکانی تورکیا ئەنجامدەداو مایەی مەترسی بوو لەسەرئەو وڵاتە.

لەولاشەوە سوریا بەو پێیەی پێویستییەکی زۆری بەئاو هەبوو بۆ چالاکییە جۆراجۆرەکانی ژیانی پیشەسازیی‌و کشتوکاڵ‌و خواردنەوەی دانیشتووان‌و هاوکات خۆیشی خاوەنی ئەو سامان‌و داهاتە ئاوییە نەبوو، بۆیە پێویستی بەئاوی تورکیا هەبوو بەتایبەت رووباری فورات، کەلەتورکیاوە دەهاتە نێو خاکی سوریاوە. لەم نێوەندەشدا تورکیا کاری لەسەرپێکەوە گرێدانی ئاسایشی ئاویی سوریاوە گرێدا بۆبەرەنگاربوونەوەی جوڵانەوەی چەکداریی کوردو نەهێشتن‌و کەمکردنەوەی کاریگەری کێشەی کورد لەمیانەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوریاو بۆ ئەم ئامانجەش لەماوەی نێوان ساڵانی (1987-1992) چەند پرۆتۆکۆڵ‌و رێکەوتننامەیەکی سیاسیی‌و ئاویی لەگەڵدا ئەنجامدا.

ئەم توێژینەوەیە لەسێ باس پێکهاتووە، بەجۆرێك باسی یەکەم تایبەتە بەخستنەڕووی فاکتەرە کارتێکەرەکان لەپەیوەندییەکانی تورکیاو سوریا وەك کێشەی سنوورو پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسر ائیل‌و کێشەی کوردو کێشەی ئاویی. باسی دووەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆناساندنی چەمکی ئاسایش‌و ئاسایشی نەتەوەیی‌و ئاسایشی ئاویی، کەتیایدا سەرباری باسکردنی بیروبۆچوونە جیاوازەکان لەسەر چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی‌و بنەماو ئامانجەکانی، هاوکات ئاسایشی نەتەوەیی تورکیاو ئاسایشی ئاویی تورکیاو سوریاش روونکراوەتەوە. لەباسی سێیەمدا بەشێوەیەکی ز انستیانە کێشەی ئاویی نێوان تورکیاو سوریا بەوردی شیکراوەتەوە لەگەڵ شیکردنەوەی بیردۆزەکانی چارەسەرکردنی کێشەی ئاویی. هەروەها هەرلەم باسەدا سیاسەتی ئاویی ئەو دوو وڵاتەش شرۆڤە کراوەو لەکۆتایی باسەکەشدا کێشەی کورد لەرێکەوتننامەو پرۆتۆکۆلە سیاسی‌و ئاوییەکانی نێوان تورکیاو سوریا لێکدانەوەی ز انستی بۆکراوە.

لەم توێژینەوەیەدا سوود لەژمارەیەك سەرچاوەی ز انستی جۆراوجۆر بەزمانە جیاوازەکان وەرگیراوە، کەزۆربەیان تایبەت بوون بەکێشەی کوردو ئاسایشی ئاویی‌و ئاسایشی نەتەوەیی تورکیاو سوریاو سەرچاوەی تایبەتمەندو پڕبایەخ بوون.

لەکۆتاییدا ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەگەڕان بەدوای هۆکارەکانی پەیوەندی کێشەی کورد بەهەریەکە لەئاسایشی نەتەوەیی تورکیاو ئاسایشی ئاویی سوریا لەو قۆناغە مێژووییەی نێوان ساڵانی (1987-1992)و شیکردنەوەی هۆکاری پەنابردنی تورکیا بۆ گرێدانی کێشە سیاسییەکان بەکێشە ئاسایشی‌و ئاوییەکانەوە لەمیانەی پەیوەندییە دەرەکی‌و هەرێمییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ‌و کاریگەری ئەم پەیوەندی‌و گرێدراوییە لەسەرکێشەی کورد بەتایبەت لەگەڵ سوریا.

**باسی یەکەم- فاکتەرە کارتێکەرەکان لەپەیوەندییەکانی تورکیاو سوریاو کێشەی کورد**

**پەیوەندییەکانی تورکیاو سوریا لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی(1914-1918)و دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی تورکیا(1923)و دو اتریش دامەزراندنی دەوڵەتی سوریا(1946) دۆستانە نەبووە، بەجۆرێك گرفتو ئاڵۆزیی لەنێو انیاندا هەبووە، بەتایبەتیش لەسەرکێشەی پارێزگای ئەسکەندەرونە (هاتای)، ئەوەش پاش ئەوەی بەگوێرەی رێکەوتننامەی ئەنکەرە لەساڵی 1921، فەرەنسا وازی لەهەموو مافێکی خۆی لەو پارێزگایە بۆ تورکیا هێنا لەبەرامبەر جیاوکی کانی خەڵوزو کەنارەکانو هەندێ جیاوکی تر.[1] دو اتریش بەگوێرەی رێکەوتننامەی دووەمی نێو انیان لە(1939/6/23) بەتەواوی دەستبەرداری ئەو پارێزگایە بۆ تورکیا بوو.[2] هاوکات پەیوەندییەکانی تورکیاو سوریا دەچێتە خانەی پەیوەندییەکانی تورکیا بەوڵاتانی عەرەبییەوە لەچوارچێوەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، لەمەشدا دیسان لەزۆربەردا گرژیی و ئاڵۆزیی بەخۆوە بینیوەو لە ژێر کاریگەری چەند هۆکارێکدا بووە، لەو انە: دانپێدانانی تورکیا بەدەوڵەتی تازە دامەزراوی ئیسر ائیل لەرۆژی (1949/3/28)و پتەوکردنی پەیوەندییە سیاسیی و ئابووریی و سەربازییەکانی لەقۆناغەکانی دو اتر لەگەڵیدا، کە یەکێك لە ئامانجەکانی گوشار خستنەسەر سوریا بوو، سەرباری چوونی تورکیا بۆ نێو هاوپەیمانیی ئەمریکا دوای پرۆژەکەی مارشاڵ* و هاتنەئارای جەنگی ساردی نێوان بلۆکی سەرمایەداریی و بلۆکی سۆسیالیستیی. هەروەها ئاراستەگرتنی تورکیا هەر لەسەرەتاوە بەرەو ئەمریکاو رۆژئاواو بەپێچەو انەشەوە سوریا بەرەو یەکێتی سۆڤیەت. جگە لەکێشەی قوبروسو کێشەی فەلەستینو پەیوەندی نێوان سوریاو یۆنان لەهەندێك قۆناغدا مایەی کێشەی نێوان تورکیاو سوریا بوون، سەرەڕای کێشەی ئاویی نێو انیان.[3]**

**ئەگەرچی لەشەستەکاندا تورکیا پێداچوونەوەی بەپەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ سوریاو وڵاتانی عەرەبی کردەوە، بەهۆی ئەوەی لەکاتی کێشەی قوبروس هاوپەیمانانی تورکیا پشتیو انی یۆنانیان کرد، بەو پێیەش لەحەفتاکان تورکیاو سوریا زۆربەی کێشە سنوورییەکانی نێو انیان چارەسەرکرد،[4] بەڵام هێندەی نەبرد دیسان گرژیی و ئاڵۆزیی لەو پەیوەندیانەدا سەریهەڵدایەوە، ئەوەش پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی 1979 (زۆرجار بەشۆڕشی ئیسلامی ئێر انیش ناودەبرێت)، لەبەرئەوەی تورکیا تووشی دڵەڕاوکێ بوو، کاتێکیش کودەتای (12ی ئەیلوولی 1980) لەو وڵاتە روویدا، لەر اپۆرتی سەرۆکایەتی سوپای تورکیادا هاتبوو:"مەترسی گەورە لەباشوورەوەیەو دوژمنی سەرسەختی تورکیا بریتییە لەسوریا".[5]**

**سەبارەت بەکاریگەری کێشەی کورد لەسەرپەیوەندییەکانی تورکیاو سوریا، هەرلەسەرەتاوە کێشەی کورد لەتورکیا یەکێك لەو کێشە سەرەکییانە بووە، کە رووبەڕووی حکومەتە یەك لەدو ایەکەکانی تورکیا بۆتەوە، هەر لەراگەیاندنی کۆماري تورکیاوە لە ساڵی 1923 تاقۆناغەکانی دو ایی، بەجۆرێك تێڕو انینی دەوڵەتی تورکیا لەمەڕنەتەوە ناتورکەکان تێڕو انینێك بوو، کەنکوڵی لەبوونیان دەکرد لەو وڵاتەدا، ئەمەش پەرچەکرداری چەکداریی کوردیی دژبەو سیاسەتە لێکەوتۆتەوە. لەپاش دامەزراندنی کۆمارەکە یەکەم جوڵانەوەی چەکداریی لەساڵی ١٩٢٥ هەڵایسا، پاشتر جوڵانەوەی ئارارات (١٩٢٧-١٩٣١) پاشتریش جوڵانەوەکەی دێرسیم (١٩٣٧- ١٩٣٨). پەرچەکرداری تورکیاش بریتی بوو لە سەرکوتکردنی ئەو جوڵانەو انە بەزەبری هێزو گرتنەبەری رێوشوێنی توند لەناوچەکانی باشوری رۆژهەڵاتی وڵات، کە زۆرینەی کورد بوون و ناوی (تورکی شاخاویی) یان بەسەردا بڕیون.[6]**

**لەساڵانی چلەکانەوە تا سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم، تورکیا هیچ جۆرە جووڵانەوەیەکی چەکداریی کوردیی بەخۆوە نەبینی، ئەوەش بەهۆی رێوشوێنە توندەکانی حکومەتی تورکیاو دەرنەکەوتنی رێبەر ایەتیی کوردیی، کە بەرپرسیارێتی لەئەستۆ بگرێت، هەروەها کەمدەستیی و نەبوونی کادیری رۆشنبیر.[7] ئیدی کورد پیادەی بزووتنو جموجۆڵی سیاسیی دەکرد لەچوارچێوەی پارتە چەپەکانی تورکیادا، لەو انە (پارتی دیموکرات- *Demokratik Partisi)و (پارتی کاری**

---

[1] د.عقیل سعید محفوض: الخرائط المتوازية: كيف رسمت الحدود في الشرق الاوسط، ط1، مركز دمشق للابحاث والدراسات (مداد)، دمشق- سورية، 2016، ص34.

[2] نفس المصدر ، ص37.

* پرۆژەی مارشاڵ: ئەو پرۆژە ئابوورییە بوو، کە جەنراڵ جۆرج مارشاڵی سەرۆکی دەزگەی ئەرکانی سوپای ئەمریکاو وەزیری دەرەوە لە مانگی(1947/1)هوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەوروپا دوای جەنگی دووەمی جیهانیی دایانناو لە بەردەم زانکۆی هارڤارد لە رۆژی(1947/6/5) جاڕدرا، ئەو دەزگایەی وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا دایانمەزراند بوو بۆ سەرپەرشتیکردنی خەرجکردنی(13ملیار) دۆلاری ئەمریکیی و ناونرا (رێکخراوی هاریکاریی و ئابووری ئەوروپیی). ئەو پارەیە کارئاسانی کرد لە دووبارە ئاوەدانکردنەوەو بەگەڕخستنی ئابووریی و کارخانەکانی ئەوروپا. لەم نێوەندەدا تورکیا ساڵی(1949) بڕی (60 ملیۆن) دۆلاری پێگەیشتو تاساڵی(1951) گەیشتە(144 ملیۆن) دۆلارو دواجار گەیشتە(440 ملیۆن) دۆلار. سەرباری ئەوەی لە ڕووی سەربازیشەوە بەهێز کرا، بڕوانە د.ابراهیم خلیل احمد ود.خلیل علی مراد: ایران وترکیا، دراسة فی تاریخ الحدیث والمعاصر، دار الکتب للطباعة والنشر، الموصل، 1992، ص314.

[3] د.سەلام عەبدولکەریم: پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لەپێوەندییە هەرێمییەکانی تورکیادا (1980-1999)، چ1، چاپخانەی (پەنجەرە)، تاران، ناوەندی مێژووی جەمیل رۆژبەیانی، سلێمانی، 2015، ل133.

[4] د.حامد محمود طه السويداني: العلاقات التركية السورية (1998-2011)، مجلة (دراسات اقليمية)، ع (9)، مركز الدراسات الاقليمية التركية، جامعة الموصل، ص3.

[5] يوسف ابراهيم الجهماني: تركيا والشرق الاوسط، سوريا- المياه- اسرائيل، ط2، دار حوران، للطباعة والنشر، 2009، ص48.

[6] کۆمەڵێ نوسەر: کێشەی کوردو پارتی کرێکارانی کوردستان لەپەیوەندییە نێودەوڵەتیو هەرێمییەکانی تورکیا (1978-2016)، و.لەعەرەبییەوە (د.سەلام عەبدولکەریمو بەرزانی مەلا تەها)، چ1، سلێمانی، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ هزرو لێکۆڵینەوە، 2018، ل23.

[7] سعد ناجي جواد، دراسات في المسالة القومية الكردية، الدار العربية للعلوم، ( بيروت، ٢٠٠٥)، ص ٢٤ – ٢٥.

* پارتی دیموکرات: ئەو پارتە بوو، کە لەساڵی 1946 لەسەردەستی هەریەکە لە(جەلال بایارو عەدنان مەندەرێس) دامەزراو لەپارتی گەلی کۆماری هاتنەدەرەوە. دامەزراندنی ئەم پارتە بەسەرەتای فرەحزبی لەتورکیا دادەنرێت. بەگوێرەی بەڵگەنامەی دامەزراندنی پارتەکە بنەماو پرەنسیپە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە:(پەیڕەوکردنی ئایدۆلۆجیای ئیسلامو دیموکراسی پارێزکار، گرتنبەری میتۆدی ئابووریی لیبراڵیو ئازاد). لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی (14ی ئایاری 1950) توانی رێژەی (55.2%)ی دەنگەکان بەدەستبهێنێتو ماوەی (10) ساڵ لەسەر تەختی دەسەڵات بمێنێتەوە تا (27ی تەمووزی 1960)و کودەتای بەسەردا کراو کۆتایی بەرۆڵی لەسەر شانۆی سیاسی تورکیا هات. بڕوانە الحزب الديمقراطي "بذرة التقدم والحرية في تركيا https://www.turkpress.co/node/13861.

تورکیی- **[**]**Turkiya Isci Partisi**)و چەند پارتێکی تر.[1] ئەوپارتانە داو ایان دەکرد دان بەبوونی کورددا بنرێت لە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا.[2] ئەوەی جەماوەری ئەو پارتانەی لەناو کورددا زیاترکرد بریتی بوو لە دژواربوونی دۆخی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی زۆرینەی کورد لەلایەك، پاشکەوتوویی ئەو ناوچانە بە بەراورد بەناوچەکانی تری وڵات و قۆستنەوەی لەلایەن فیۆداڵ و سەرۆك خێڵەکان لەلایەکی ترەوە.[3]**

**کێشەی کورد لەپەیوەندییەکانی تورکیا- سوریا دۆسیەیەکی گەرموگوڕ بوو، بەدیاریکراویش لەسەرهەڵدانو دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە (P.K.K) لە مانگی شوباتی 1978داو دواتریش، کە لە(15ی ئابی ١٩٨٤) خەباتی چەکداریی راگەیاند.[4] لەبەرئەوەی دۆسیەی کورد بەلای تورکیاوە هەستیارییەکی گەورەی هەیەو لەهەربارێکدا قەوارەیەکی کوردیی لەووڵاتەدا دابمەزرێت یاخود پشێوی تێبکەوێت، ئەوا بەتەنها لەکۆی (81) ویلایەتی تورکیا (19) ویلایەت دەگرێتەوە، لێرەشەوە تورکیا قوڵاییەکی ستراتیژیی گرنگ لەئاساییشیی نەتەوەیی لەدەستدەدات، ئەمەش وێڕای ئەوەی بەشێکی گەورەو کاریگەری سەرچاوەو دەرامەتە ئاویی و کانزاییەکان، کە لەو ناوچانەدا بوونیان هەیە.[5]**

**لەهەمانکاتدا تەنها دۆسیەی کورد ر اڤەی مۆرکی ئەو پشێوییە ناکات، کە زاڵبووە بەسەر پەیوەندییەکانی هەردوو وڵاتدا، بەڵکو چەندین دۆسیەی گەرمی تریش لەپەیوەندییەکاندا هەن، کە هاریکاربوون بۆ بەردەوامبوونو دژواربوونی کاریگەریی کێشەی کورد لەوپەیوەندییانەدا. لەو انەش وەك ئاماژەمان پێدان کێشەی ئاویی نێوان ئەو دووولاتە، بەتایبەت روباری فورات لەسروشتی پەیوەندییەکانی تورکیا – سوریادا گرنگییەکەی گەورەی هەیە. لەپاڵ ئەوەی بابەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شەستەکان، بەڵام لە حەفتاکاندا پێی نایە قۆناغێکی توندەوە، وەختێك تورکیا دەستیدایە دروستکردنی بەنداوی نوێ لەسەر ئاوی فورات و زێیەکانی لەچوارچێوەی پرۆژەی باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ (GAP) بەبێ راوێژو رێکەوتن لەگەڵ سوریاو عێراق،[6] لەبەرئەوەی ئاوی روباری فورات (78.5%)ی سەرچاوە ئاوییەکانی سوریا پێکدێنێت.[7] بەردەوامبوونی تورکیا لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژەکە بۆتە مایەی کەمییەکی گەورە لەتێرژانی ئاوی فوڕات بۆ سوریاو عێراق. لەبەرامبەریشدا هەوڵەکانی هەردوو وڵات بۆ بڕواهێنان بەتورکیا شکستی هێناوە لەبەستنی رێکەوتنێکی کۆتایی، کە مافی هەرسێ دەوڵەتەکە لەئاوی فورات دەستەبەربکات. ئەم دۆسیەش کراوەیە لەپاڵ کۆی رەنگدانەوە نەرێنییەکان لەسەرپەیوەندییەکانی نێو انیان.[8]**

**هەنگاونانی تورکیا بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەو پڕکردنی ئەستێڵی بەنداوەکان، کە لەسەر رووباری فورات و زێکانی دروستکر ابوون، بوو بەمایەی کەمهێنانی گەورە لەبڕی ئاوی رووباری فوڕات، کە دەچوونە ناو سوریاو عێر اقەوە. ئەو دوو وڵاتەش لەبابەتی دەرکەوتنی تورکیا تۆقی بوون، بەوپێیەی هێزێکی هەرێمییە بەهۆی زاڵبوونو دەسەڵاتی بەسەر ئاوو گەشەپێدانی تو انا گەورەکانی لەسەر ئاستی ئابووریی و وزە لەناوچەی پرۆژەی باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا.[9] بێگومان گرژیی لەپەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتدا زەمینەی گونجاوی خۆشکرد تاکو هەردوولا هەستن بەداڵدەدان و پاڵپشتیکردنی گرووپە بەرهەڵستکارەکان، هەریەکە لەدژی لاکەی تر، ئەمەش شتێکی ئاساییە لە تۆماری پەیوەندیی نێوان دەوڵەتانی ناوچەکەدا. بەمشێوەیە تێبینی دەکەین تورکیا تاناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ر ابردوو پەنای بۆ بەرهەڵستکارەکانی حکومەتی سوریا برد لەسەر خاکەکەی، بەئامانجی فشارخستنە سەر سوریا. لای**

---

[**] پارتی کاری تورکیی: ئەو پارتە بوو، کەبەهۆی رێگەدانی دەستووری نوێی تورکیا لەساڵی 1961 بەدامەزراندنی پارتو رێکخراوە چەپەکان، لە(13ی شوباتی 1961) وەك پارتێکی نوێ، کە لە 12 سەندیکا پێکهاتبوون دامەزراو ناوی لێنرا پارتی کاری تورکیی‌و لەلایەن هەریەکە لە (کەمال تورکلەر، عەونی ئەراقلن، شەعبان یەڵدز، ئیبراهیم کوزچە، ئەحمەد موشلوو رەزا قەواس، صین ئولوس باش، سیفات کوکسوز ئۆغلو، ساڵەح ئوزقرابای، ئیبراهیم دەنیزچی ئار، عەدنان ئەرکن‌و کەمال نەبی ئۆغلو) ئیمزا لەسەر ئەم دامەزراندنە کرا. لەشوباتی 1962دا پارتەکە کۆنگرەی دامەزراندنی بەست، بەجۆرێك محەمەد عەلی ئەیبار وەك سەرۆکی پارتەکە هەڵبژێردراو ژمارەی ئەندامانی لیژنەی جێبەجێکردنی پارتەکەی بۆ 7 ئەندام کەمکردەوەو لەگەڵ پارتی سۆسیالیستیی بەسەرۆکایەتی محەمەد حەیدەر ئۆغلو ئاوێتە بوو. لەبەرنامەی سیاسیی‌و لەچوارچێوەی سیاسەتی نێوخۆییدا، جەختی لەسەر دانانی چارەسەر بۆ کێشە ئابوورییەکان‌و بەرزکردنەوەی تێچوونی بژێوی کردبۆوەو بەهۆکارێکی دانابوو لەروودانی شڵەژان لەنێو ریزی کرێکاران‌و خوێندکارانداو لەمیانەی ئەوەدا هەوڵی پشتیوانی میللیی دا. هەروەك پێشنیازی یاسایەکی نوێی بۆ چاکسازیی کشتوکاڵی کرد، بۆچنگخستنی جوتیاران‌و داوای دڵنیایی پیشەسازیی‌و بازرگانیی دەرەکیی‌و بانك‌و کۆمپانیاکانی دڵنیایی دەکرد، بەڵام هەڵوێستی لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیا، بانگەوازی بۆ چوونی تورکیا بۆ نێو بازاڕی هاوبەشی ئەوروپیی دەکرد، لەگەڵ هەڵوەشانەوەی رێکەوتننامە دوو قۆڵییەکانی نێوان تورکیاو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. هەروەها لابردنی سەرجەم بنکە سەربازییەکانی لەسەر خاکی تورکیا، جگە لەسیاسەتی دژە هاوپەیمانێتییە رۆژئاواییەکان. هەروەك بانگەوازی بۆ نزیکبوونەوە لەسەربازگەی سۆسیالیستی‌و دەوڵەتانی جیهانی سێیەم دەکرد. بروانە پ.ی.د.یاسین سەردەشتی‌و ئەوانیتر:مێژووی چەپ لەتورکیا، چ1، سلێمانی، 2016، ناوەندی توێژینەوەی مەلاجەمیل رۆژبەیانی، ل65.

[1] کۆمەڵێ نوسەر: کێشەی کوردو پارتی کرێکارانی کوردستان لەپەیوەندییە، سەرچاوەی پێشوو، ل24.

[2] سعد عبدالعزيز مسلط موسي الجبوري، التطورات السياسية الداخلية في تركيا ( ١٩٨٣- ١٩٩١)- دراسة تاريخية، اطروحة دكتوراه غير منشورة قدمت الي كلية التربية – جامعة الموصل ٢٠٠٧، ص (١٠٦–١٠٧).

[3] سعد ناجي جواد، دراسات في المسالة القومية الكردية، الدار العربية للعلوم، بيروت، ٢٠٠٥، ص(٢٤– ٢٥).

[4] وصال نجيب عارف العزاوي، القضية الكردية في تركيا – دراسة في التطور السياسي للقضية الكردية منذ بدايتها وحتي عام ١٩٩٣، اطروحة دكتوراة غير منشورة قدمت الي كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ١٩٩٤، ص ٢٧٤.

[5] بەرزانی مەلا تەها: ئایین‌و مەزهەب لەکێشمەکێشی سیاسەت‌و ئایدۆلۆجیادا، چ1، چاپخانەی (یاد)، سلێمانی، 2019، ل172.

[6] بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی پرۆژەی باشوری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و بەنداوەکانی سەر رووباری فورات و زێیەکانی و رووباری دیجلە لەناو خاکی تورکیادا بڕوانە: يوسف ابراهيم الجهماني، ثرثرة فوة المياه ( دمشق، ١٩٩٩) ص(٢٣ – ٣٤) ؛ ريان ذنون محمود حسن العباسي، مشروع جنوب شرقي الاناضول وتاثيره في العلاقات العربية – التركية، اطروحة دكتوراه غير منشورة قدمت الى كلية التربية – جامعة الموصل ٢٠٠٤.

[7] کۆمەڵێ نوسەر: کێشەی کوردو پارتی کرێکارانی کوردستان لەپەیوەندییە، سەرچاوەی پێشوو، ل24.

[8] يوسف ابراهيم الجهماني: مصدر سابق،ص (٧٣–٨٠).

[9] هاينتس كرامر: تركيا المتغيرة تبحث عن ثوب جديد، ت(فاضل جتكر)، الرياض،٢٠٠١، ص 243.

خۆشیەوە سوریا لەحەفتاکانو ساڵانی دو اتر بەدواوە پەنای گرووپە چەپەکانی داو پشتیو انی لێکردن لەپاڵ گرووپە ئیتنییەکان (ڕێکخراوە ئەرمەنیی و کوردییەکان) دژ بەتورکیا. لەو قۆناغەشدا زیاتر پارتی کرێکار انی کوردستان، کەپارتێکی سیاسیی چەکداریی کوردی بوو لەباکوری کوردستان، بەتایبەت لەرۆژی (15ی ئابی 1984) خەباتی چەکداریی لەسەر شێوەی جەنگی پارتیز انیو گەریلایی دژی تورکیا لەناوچەی شەمدینان ڕاگەیاندبوو، پێشوەختیش لەکۆتایی حەفتاکانو سەرەتای هەشتاکانەوە چووبوونە نێو خاکی سوریاوەو ئەوولاتەش داڵدەی دابوون. ئیدی تورکیا لێرەوە گوشارەکانی خۆی لەسەرسوریا زیاترکرد،[1] چونکە ئەو پارتە خاکی سوریای بۆ هێرشکردنە سەر تورکیا بەکاردەهێنا، سەرباری بوونی بنکەی مەشقو سەربازیيان لەدۆڵی بیقاع. بۆیە تورکیا بەگرنگیپێدانو دردۆنگییەوە بەدواداچوونی بۆ هەڵوێستی سوریا کردووە، لەبەرئەوەی ئەو پارتە لەفەلسەفەی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا لەو قۆناغە بەدواوە مەترسی ژمارە یەك بووە.[2]

ڕاگەیاندنی خەباتی چەکداریی پارتی کرێکار انی کوردستان وەك تاکە پارتی کاریگەری نێو جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لەتورکیا لەو قۆناغەدا، کاریگەریی گەورەی کردە سەر ئاسایشیی نەتەوەیی تورکیاو سیاسەتی نێوخۆییو هەرێمیی ئەو وڵاتە، بەتایبەت پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی هەرێمیی دراوسێی وەك (سوریاو عێراقو ئێران)، بەدیاریکراویش سوریا زیاتر، لەبەرئەوەی ئەو پارتە چووبوونە سوریاو دەمێك بوو ئەو وڵاتە کێشەی سنووریی (کێشەی پارێزگای ئەسکەندەرونە- هاتای)وکێشەی ئاویی لەگەڵ تورکیادا هەبوو.[3] بۆیە بەچوونی پارتی کرێکار انی کوردستان بۆ سوریاو ڕێگەدان بەکردنەوەی کەمپی گەریلاییو ئەنجامدانی ڕاهێنانی چەکداریی لەسەرسنوورەکانی تورکیاو سوریا، ئەووڵاتەی نیگەران کردو گرژییو ئاڵۆزیی خستنە پەیوەندییەکانی نێو انیانەوە، لەبەرئەوە لەچوونی پەکەکە بۆ سوریا کارتێکی گوشارکەوتە دەست ئەو وڵاتە، کە لەدۆسیە گەرمەکانی نێو انیاندا لەدژی تورکیا بەکاری بهێنێت.

ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەمەسەلەی ئاسایشیی نەتەوەیی لەلایەنی تورکیاو ئاسایشیی ئاویی لەلایەنی سوریاوە هەبوو، و اتە خەباتی چەکداریی کورد کاریگەریی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیاو ئاسایشیی ئاویی سوریا هەبوو، چونکە تورکیا دژی بوونی بنکەو بارەگا چەکدارییەکانی پەکەکە بوو لەسوریاو بەمایەی مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی لەقەڵەمی دەدا، ئەو بۆچوونەش لەئارادا بوو، کەرەنگە سوریا هەوڵبدات لەرێگەی کۆمەکیکردنی چەکدار انی کوردەوە ئەمە وەك کارتێکی گوشار بۆسازشکردن لەکێشەی ئاوییدا (کێشەی ئاوی ڕووباری فورات بەتایبەت، کەکرۆکی سیاسەتو ئاسایشی ئاویی سوریای پێکدەهێنا) لەگفتوگۆو پرۆتۆکۆلو دانوستانەکانی لەگەڵ تورکیا سوودی لێوەربگرێتو بەرامبەر بەدەسکەوتی سیاسییو ئاویی بەکاربهێنێت،[4] لەبەرئەوەی لەبنەڕەتەوە جوڵانەوەی چەکداریی کورد یەکێك لەتوخمە سەرەکییەکانی ڕوبەڕووبوونەوە بوو لەستر اتیژی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیادا. لەولاشەوە بەشێك لەسیاسەتو ئاسایشی ئاویی سوریا لەگەڵ تورکیا پشتی بەبوونو کاریگەریی خەباتی چەکداریی کورد بەستبووە وەك کارتی گوشار. بۆیە لەبنەڕەتدا خەباتی چەکداریی کورد پەیوەندییەکی گەورەی بەمەسەلەکانی ئاسایشی نەتەوەییو ئاسایشی ئاوییەوە هەبوو لەپەیوەندییەکانی تورکیاو سوریا، بەجۆرێك باڵی کێشاوە بەسەر ئەو پەیوەندییانەدا.

---

1 فیلیب روبنس، ترکیا والشرق الاوسط، ت(میخائیل نجم نوري)، لیماسول، ١٩٩٣، ص66.

2 بەرزانی مەلا تەها: ئایینو مەزهەب لەکێشمەکێشی، س.پ، ل175.

3 امیرة اسماعیل العبیدی: اشکالیات السیاسة المائیة بین سوریا وترکیا، م(التربیة والعلم)، مج(17)، ع(2)، 2010، ص67.

4 نفس المصدر.

**باسی دووەم - چەملك‌و پێناسەو بنەماكانی ئاسایش‌و ئاسایشی نەتەوەیی‌و ئاسایشی ئاوبی توركیاو سوریا**

**تەوەری یەكەم- چەملك‌و پێناسەی ئاسایش‌و ئامانجەكانی ئاسایشی نەتەوەیی‌و ئاسایشی ئاوبی**

سەربارى بیروڕای جیاواز دەربارەی چەمكی ئاسایش، بەڵام شارەزایانی زانستی سیاسی لەوەدا هاوڕان، كە ئاسایش بریتییە :"لەو دۆخەی مرۆڤ تیایدا پارێزراو بێت لەمەترسی‌و هەڕەشە یاخود دوور بێت لێیانەوە، لەچوارچێوەی هەستكردنی مرۆڤ بەدڵنیایی دیاریدەكرێت لەئاست مەترسییەكان یان هەڕەشەكانی ئایندەیەكی نادیار...".[1] هەرچی لێكۆڵینەوەو فەرهەنگە زمانەوانییەكانە چەمكی (ئاسایش) بەگشتی بەچەمكی (دڵنیایی) یان (دژی ترس) دەبەستنەوەو زیاتریش وەك رزگاربوون لەمەترسی یان جەنگ یان ترس لێكدەدەنەوە. لەمبارەوە هەریەكە لە(بوثو ویلەر) بەو شێوە شرۆڤەی ئاسایش دەكەن، كە:"تاكەكەس‌و گروپەكان ناتوانن ئاسایش‌و سەقامگیری دەستەبەر بكەن، دەبێ ئەوانیتر بێبەش بكەن ئینجا دەتوانن، ئەوەش بەدەستدێت، ئەگەرهاتووو وا سەیری چەمكی ئاسایش كرا، كە بریتییە لەپرۆسەی رزگاربوون".[2]

هەروەك چەمكی ئاسایش بەپێی ئامانج‌و جۆرەكانی دابەشدەكرێت‌و دەتوانین لەرووی پێناسەكەیەوە بەدوو ئاراستە دیاری بكەین، ئەوانیش:

یەكەم- ئاسایش وەك چەمكێكی سەربازیی: ئەوانەی چەمكی ئاسایش بەهێزی سەربازییەوە دەبەستنەوە، ئەوە بەپاساودەهێننەوە، كەلایەنە سەربازییەكان بریتییە لەئامانج‌و كرۆك‌و ئامراز بۆ وەدیهێنانی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت، سەربارى ئەوەی ئەم ئاراستەیە ئاراستەیەكی كلاسیكییەو پەیوەستە بەگەشەكردنی چەمكەكەوە، بەڵام تائێستا هەواداری خۆی هەیە.

دووەم- ئاسایش وەك چەمكێكی وەزیفی: خاوەنی ئەم ئاراستەیە رایەڵەیەك لەنێوان ئاسایشی نەتەوەیی‌و وەزیفەدا دەبەستنەوە، بەوەی كەخۆشگوزەرانی بۆ گەلی دەوڵەتێك وەدیدێنێت، بەشێوەیەك بیریارانی ئەم ئاراستەیە باس لەچۆنێتی گەشەكردنی دەوڵەت لەچوارچێوەی وەزیفەی ئابووریدا دەكەن، كە پێویستە دەسەڵاتی سیاسی پێی هەستێت. بەمانایەكی تر ئاسایشی نەتەوەیی وادەبینن بریتییە لەدەستەبەركردنی دەرامەتە سروشتییەكان‌و وەبەرهێنانی بەباشترین ئامرازو شێوە بۆ وەدیهێنانی باڵاترین ئاستی بژێوی هاوڵاتیان.[3]

لەم نێوەندەدا ئاراستەی سێیەمیش هەیە، كەدوو ئاراستەكەی پێشوو ئاوێتە دەكات‌و بۆچوونی وایە:"ئاسایشی نەتەوەیی بریتییە لەتوانای دەستەبەركردنی گەورەترین توانا لەپاراستن‌و سەقامگیری كاری نیشتیمانی لەهەموو بوارەكانی سیاسیی‌و ئابووریی‌و كۆمەڵایەتی‌و ئایدۆلۆجی‌و سەربازیی‌و ژینگەیی لەدەوڵەتدا دژی هەرجۆرە هەڕەشەیەكی ناوخۆیی‌و دەرەكی ئیدي هەرێمیی بێت یا جیهانیی".[4]

هاوكات بەو پێیەی ئاسایش داواكارییەكی بنەڕەتی گروپە مرۆییەكانە. بۆیە كۆمەڵێك ئامانج لەخۆدەگرێت، لەوانە:

1- پاراستنی قەوارەی مادی دەوڵەت یا نەتەوە، بەتایبەت لەروانگەی ئاسایشی سەربازییەوە.
2- پاراستنی دەرامەتە ئابوورییەكانی دەوڵەت‌و بونیاتنانی ئابوورییەكەی، بەتایبەت لەروانگەی ئاسایشی ئابوورییەوە.
3- بەرگریكردن لەكۆڵەكەو پایە شارستانی‌و ئایدۆلۆجیەكانی نەتەوە.
4- پارێزگاری لەسیستەمی سیاسیی دەوڵەت.
5- دانانی بنەماكانی پەیوەندی هەرێمیی‌و نێودەوڵەتی دەوڵەت.
6- پارێزگاری لەشكۆی مرۆڤایەتی‌و رێزگرتنی تایبەتمەندی‌و بەهای یاساو ئازادی رادەربڕین‌و مومارەسەكردنی ئاینی‌و...تاد.[5]

سەبارەت بەچەملك‌و پێناسەی (ئاسایشی نەتەوەیی)، لەفەرهەنگی سیاسیدا باوترین پێناسە بریتییە لە:"دڵنیایی سەلامەتی دەوڵەت دژی مەترسی دەرەكیی‌و نێوخۆیی، كەببێتە هۆی كەوتنە ژێر ركێفی هێزی دەرەكیی لەئاكامی گوشاری دەرەكیی یان داڕمانی نێوخۆیی".[6] لەمڕووەوە (باری بۆزان) پێی وایە چەمكی ئاسایشی نەتەوەیی چەمكێكی ئاڵۆزە، بۆ تێگەیشتن لێی پێویستە سێ شت روون بكرێتەوە، ئەوانیش بریتین لە(چوارچێوە سیاسیەكەی، رەهەندە جۆراوجۆرەكانی، رۆشنایی خستنەسەرئەو تەمومژانەی، كەپەیوەستن پێیەوە لەكاتی جێبەجێكردنی لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەكاندا). بۆچوونێكی دیكەش والێكدەداتەوە:"ئاسایشی نەتەوەیی بریتییە لەتوانای دەستبەركردنی وزەیەكی گەورە لەئاسایش‌و سەقامگیری كاری نیشتیمانی‌و نەتەوەیی لەهەموو بوارەكانی سیاسیی‌و ئابووریی‌و كۆمەڵایەتی‌و ئایدۆلۆجی‌و سەربازیی‌و ژینگەیی لەدەوڵەتدا دژی هەرجۆرە هەڕەشەیەكی ناوخۆیی‌و دەرەكی، ئیدی هەرێمیی بێت یان جیهانیی". لەمەڕمێژووی سەرهەڵدانی زاراوەی (ئاسایشی نەتەوەیی)، ئەگەرچی دوای جەنگی دووەمی جیهانی بەربڵاوبوو، بەڵام رەگوریشەی بۆ سەدەی حەڤدە دەگەڕێتەوە، بەتایبەت دوای پەیماننامەی (ویستڤالیا 1648) كەزەمینەی بۆ لەدایكبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی‌و دامەزراندنی خودی دەوڵەت

---

[1] نجدت صبري ئاكرەيى: الاطار القانوني للامن القومي، دراسة تحليلية، اربيل، 2004، ص170.

[2] سليمان عبدالله الحربي: مفهوم الامن: مستوياته وصيغته وتهديداته، دراسة نظرية في المهاهيم والاطر، ص10.

[3] م. عبد المعطي زكي: مفهوم الأمن القومي وعلاقته بالأمن المائي، م.س، ص3.

[4] نفس المصدر.

[5] د.سالم محمد عبود و د.زياد محمد عبود: سياسة العطش ومستقبليات حرب المياه، دراسة في الوطن العربي والعراق، ط1، دار الدكتور للعلوم الادارية والاقتصادية، بغداد، 2012، ص184.

[6] د.عبدالوهاب الكيالي واخرون: موسوعة السياسة، ج1، ط، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت،79 19، ص331.

**خۆشکردو لەماوەی جەنگی ساردیشدا چوارچێوەو کەشی پێکهاتنی کۆمەڵێ تیۆرو تێزی لەخۆگرت تاگەیشتە بەکارهێنانی دەربڕینی (ستر اتیژیەتی ئاسایێشی نەتەوەیی).[1]**

**بیریار انی رۆژئاوا  چەمکی ئاسایێشی نەتەوەیی بەدوو رەهەندەوە پەیوەست دەکەن ئەو انیش هێزی سەربازیی و گەشەپێدانە. ئەم پەیوەستکردنەش بۆ دوو قوتابخانە دەگێڕنەوە ئەو انیش:**

**یەکەم- قوتابخانەی ستر اتیژیی: لایەنگر انی ئەم قوتابخانەیە چەمکی ئاسایێشی نەتەوەیی پەیوەست دەکەن بەهێزی سەربازیی دەوڵەتو تو انای بەرەنگاربوونەوەی هەر هەڕەشەیەك، مەبەستیش زیاتر هەڕەشەی دەرەکییە. هەریەکە لە (واڵتەر لیپمانو ئەرنۆڵد ولفارو هانز مۆرگینتاوو جۆن سپاینز) لەکارئاسانیکەر انی ئەم قوتابخانەن.[2]**

**دووەم- قوتابخانەی گەشەپێدان: لایەنگر انی ئەم قوتابخانەیە تێڕو انینیان جیاوازە لەدەرك کردنی سەرچاوەکانی هەڕەشەی ئاسایشیی نەتەوەیی، چونکە بۆچوونیان و ایە سەرچاوەی هەڕەشەی سەرئاسایێشی نەتەوەیی بریتییە لەهەڕەشەی ناوەکیو دەرەکیو تەنها لەهەڕەشەی دەرەکیدا قەتیس نابێت، چونکە بەگوێرەی دیدی (رۆبەرت مەکنمارا)ی یەکێك لەلایەنگر انی ئەم قوتابخانەیە بۆچوونی و ایە ئاسایێش لەرێگەی گەشەپێدانی گشتگیریی نەتەوەییو رۆڵی یاساو سیستەم لەبەدیهێنانی ئاسایێش وەدیدێت، نەك تەنها بایەخدان بەلایەنی سەربازیی. بەوپێیەی ئاسایێش بریتییە لەگەشەپێدانو بێ گەشەپێدان ئاسایێش بوونی نابێت.[3]**

**هەرچی چەمکی (ئاسایێشی ئاویی)ە لەدەیەی دو ایی سەدەی بیستدا دەرکەوتو لەلایەن دەوڵەتانەوە بایەخی پێدراو وەك ئامانجێکی ستر اتیژیی و بەشێکی دانەبڕاو لەئاسایێشو سەقامگیریی سەربازیی و سیاسیی و خۆراکیی تەماشای کراو هەوڵی بەدیهێنانی درا. ماناکەشی لەوەدا کورتکر ایەوە، کەچارەسەری کێشەی کەمی ئاوە. بۆیە و اپێناسەکراوە، کە بریتییە لە:"تو انای دانیشتووان لەپارێزگاریکردن لەبەکارهێنانی بەردەوامی بڕی پێویستی ئاو بەکوالیتییەکی پەسەندکراو، بەوپێیەی رێگەی بنەڕەتییە بۆژیانو وەدیهێنانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییو ئابووریی، هەروەها گرەنتی پاراستنی لەپیسبوونو...تاد".[4] هەروەها کۆمەڵەی هێلی سەوزی ژینگەیی پێناسەی (ئاسایشی ئاویی) بەوە کردووە، کەبریتییە لە:"هێندو گرەنتی بەگوێرەی کاتو شوێن، ئەمەش و اتە پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ دەستەبەرکردنی بەردەوامی ئەو هێندە بەبێ کاریگەری لەمیانەی پارێزگارییو باش بەکارهێنانی رێگەپێدراو لەئاو، هەروەها پەرەپێدانی کەرەستەو ئامرازەکانی ئەو بەکارهێنانە لەگەڵ گەشەپێدانی دەرامەتە ئاوییە هەنوکەییەکان، پاش ئەوە گەڕان بەدوای دەرامەتی نوێ، ئیدی کۆن بێت یا نا".[5]**

**هاوکات ئاسایێشی ئاویی لەسەرکۆمەڵێك بنەما دامەزراوە ئەو انش بریتین لە:**

**1. ئاو وەك کاڵایەکی ئابووریی، و اتە کاڵایەکی خۆڕایی نییە، بۆیە بەفیڕۆدانو باش بەکارنەهێنانی دەبێتەهۆی زیانگەیاندن بەژینگە.**

**2. ئاو یەکێك لەداواکارییە سەرەکییەکانی گەشەپێدانی ئابوورییە، کەبەبێ ئاو ناتو انرێت پرۆسەی گەشەپێدان جێبەجێبکرێت.**

**3. رکابەریی نێوان دەوڵەتان لەسەرسەرچاوەکانی ئاو وا لەم کاڵا زیندووە دەکات ببێتە هۆی جەنگ لەهەندێ کاتدا.**

**4. لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کەمی لەئاو بریتییە لەبنەماو دژیەکی لەنێوان سنورداریی دەرامەتە ئاوییەکانو زیادبوونی خواست لەسەرئاو، بەجۆرێك وادەکات ئاو ببێتە سامانێکی ستر اتیجیو بایەخی جیۆپۆلەتیکی هەبێت.[6]**

**تەوەری دووەم- چەملكو پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیاو ئاسایشی ئاویی سوریا**

**یاسای ئاسایێشی نەتەوەیی تورکیا ژمارە(2945ی 1983/9/9) بەم جۆرە پێناسەی ئاسایێشی کردووە، کەبریتییە لە:"بەرگریکردنو پاراستنی دەوڵەت لەهەر جۆرە هەڕەشەیەکی دەرەکییو نێوخۆیی لەرێگەی سیستەمی دەستووریی و قەوارەی نیشتیمانیی و یەکپارچەییو هەموو بەرژەوەندیو مافە گرێبەستییەکانەوە لەژینگەی نێودەوڵەتیی لەسەر ئاستی سیاسییو کۆمەڵایەتییو رووناکبیرییو ئابووریی". ئامانجەکانی سیاسەتی ئاسایێشی نیشتیمانیی تورکیا پێکهاتووە لە (هاوپەیمانیی لەگەڵ رۆژئاواو بەشداریکردنی چالاکانە لەسیاسەتو مەسەلە ستر اتیژییە ئاسایشیەکانی نێوچەکەدا. کارلێك لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا بە مەبەستی سنووردانان لە بەردەم خواستە سیاسییو جوداخوازییەکانی کورد دا، بە ئامانجی تەوقدانی خولیای سەربەخۆخوازیی**

1 سليمان عبدالله الحربي: مستوياته وصيغته وتحديداته، دراسة نظرية في المهاهيم والاطر، ص10.

2 درويش بلقاسم و حمومة توفيق: معضلة الامن المائي وتاثيرها علي الامن القومي في منطقة الشرق الاوسط، رسالة ماجستير، جامعة مولود معمري تيزي وزو، كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم العلوم السياسية، 2014-2015، ص(19-20).

3 نفس المصدر.

4 محمد العبدالله: الامن المائي في سورية، دراسة تحليلية لواقع الموارد المائية المتاحة، مركز عمران للدراسات الاستراتيجية، 2015، ص 4.

5 سالم محمد عبود و زياد محمد عبود: ص190.

6 درويش بلقاسم و حمومة توفيق: معضلة الامن المائي، مصدر سابق، ص28.

**کورد. بونیاتنانی سیاسەتو ستراتیژی ئاسایشی دەوڵەت، کە ئامانج لێی پێکهێنانی تواناى سەربازیی بەهێزو بە توانایە بۆ پارێزگاریکردن لەیەکێتیی جوگرافیای دەوڵەت).[1]**

**هاوکات (ترس) یەکێکە لەتایبەتمەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیاو لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەش رەنگیداوەتەوە، لەبەرئەوەی بەشێکی زۆر لەو دەوڵەتانەی لە ڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییو نەتەوەیی و ئیتنییەوە هەمەجۆرو هەمە چەشنەن، هەمیشە هەست بە ترس دەکەن. لەلایەك مەترسی ئەوەیان هەیە خولیاو جوڵانەوەی جوداخوازییو سەربەخۆخوازیی لەنێویاندا سەرهەڵبدات، لەلایەکی تریشەوە دۆخەکە دۆخێکی ئامادەیە بۆ تەقینەوەی کۆمەڵایەتیی، بەتایبەتی لە تورکیا، کە خاوەنی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی فرە نەتەوەو ئیتنییەو لەهەموو ئەمانەش گرنگتر چەوساندنەوەی نەتەوەیی بەسەر ئەو پێکهاتانەوە هەیە. ئەمەش وادەکات وەڵامدانەوەی ئەو پێکهاتانە لەسەر هەموو ئاستە سیاسییو چەکدارییەکان ئەگەرێکی زۆر نزیكو پێشبینیکراو بێت. بۆیە لەم دۆخەدا ترس دەبێتە بەشێك لەتایبەتمەندی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر وڵاتانی جیهانییو هەرێمیی، چونکە لای تورکیا بەرپرسیارێتیی تەقینەوەی ململانێ کۆمەڵایەتییەکان بەگشتیو پرسی کورد بەتایبەتی لەئەستۆ دەگرن.[2]**

**یەکێکی دیکە لەخەسڵەتو تایبەتمەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەییو سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بریتی بوو لەهەڵوێستی گۆڕاوو ناجێگیر، لەئاست ڕووداوو گۆڕانکارییە جیهانییو نێودەوڵەتییەکانو پەیوەندییە هەرێمییەکانیدا، بەجۆرێك یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەووڵاتە بووە، بەشێوەیەك بەتەنها لەسەر یەك هەڵوێستی سیاسیی دیاریکراو نەماوەتەوە، بەڵکو سیاسەتی دەرەوەی بە بەرژەوەندییو ئاسایشی نەتەوەییەوە گرێدراو بووە، لەکوێدا پێویست بوو بێت جێگیرو نەگۆڕاو بووەو لەهەر دۆخێکیشدا و ایخواست بێت گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، بەدیاریکراویش لەکێشەی ئاویی لەگەڵ سوریا، کە لەسەریەك هەڵوێستی جێگیر نەماوەتەوە،[3] سەرباری بوونی پرۆتۆکۆڵو رێکەوتننامەکان، تەنانەت پابەندی پرۆتۆکۆڵو رێکەوتننامە جیهانییەکانی تایبەت بەکێشەی ئاویی نێوان وڵاتانو نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بەدابەشکردنو پشکی ئاوی رووبارەکان نەبووە.**

**سەبارەت بەئاساییشی ئاویی سوریا دەتوانین بڵێین راستەوخۆ گرێدراوە بەتەرازووی ئاوییەوە، بەجۆرێك ئاسایشی ئاوییو تەرازووی ئاویی تەواوکەری یەکترین. مەبەستیش لەتەرازووی ئاویی بریتییە لەبودجەو بەراورد لەنێوان قەبارەی دەرامەتە ئاوییە کلاسیکییەو ناکلاسیکییەکان لەماوەیەکی دیاریکراوی کاتدا. هەروەها قەبارەی ئاتاجە ئاوییە پێویستەکان بۆ پڕکردنەوەی خواستو داواکارییو ئاتاجی ئاویی لەهەمان ماوەی دیاریکراوی کات بۆهەر سیستەمێکی ئاویی بەمەبەستی دیاریکردنی هاوسەنگیی. تەرازووی ئاویش خۆی لەسێ وێنەدا دەبینێتەوە، ئەو انیش بریتین لە(دۆخی هاوسەنگی ئاویی، دۆخی دەستەبەریی ئاویی، دۆخی دەگمەنی ئاویی).[4]**

**هاوکات ئاسایشی ئاویی سوریا پەیوەستە بەجۆرو هێندی ئاوەوە، لەبەرئەوەی سوریا هیچ رووبارێکی گەورەی نییە، جگە لەچەند رووبارو لقێکی بچووك نەبێت، بۆیە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بەئاوی روباری فورات بەستووە، کە لەتورکیاوە هەڵدەقوڵێتو دو اتر دێتە سوریاوە.[5] لێرەشدا لەوە تێدەگەین، کەئاسایشی ئاویی سوریا گرێدراوە بەتورکیاوە، بەمانایەکی تر گرێدراوە بەئاسایشی نەتەوەیی تورکیاوە.**

---

[1] د.عقيل سعيد محفوض: سورية وتركيا، ص(178، 180).

[2] د.عقيل سعيد محفوض: السياسة الخارجية التركية، ص(169-170).

[3] نوبار هوفيسبيان واخرون: تركيا بين، ص(147،141).

[4] محمد العبدالله: الامن المائي في سورية، م.س، ص5.

[5] د.رمزى سلامة: مشكلة المياة فى الوطن العربي، احتمالات الصراع والتسوية، منشاءة المعاريف بالاسكندرية، 2001، ص93، د.عبدالعزيز شحادة المنصور: السياسة المائية، م.س، ص97.

**باسی سێیەم- کێشەی کورد لەسیاسەتی ئاوی تورکیاو سوریاو شیکردنەوەی کێشەی ئاوی**

**تەوەری یەکەم- چەمکی کێشەی ئاوی‌و بیردۆزەکانی شیکردنەوەی کێشەی ئاوی تورکیاو سوریا**

**مەبەست لەکێشەی ئاوی بریتییە لە:"تێکچوونی هاوسەنگی لەنێوان دەرامەتی ئاوی‌و داواکاری زۆربوو لەسەری، کەخۆی لەدەرکەوتنی کەموکوڕی لەتەرازووی ئاویدا دەبینێتەوە بەبەردەوامی‌و دەبێتەهۆی ڕێگریی لەگەشەکردن".[1] کاتێ سەرنجی تێڕو انین‌و هەڵوێست‌و سیاسەتی ئاوی تورکیاو سوریا دەدەین، تێبینی ئەوە دەکەین، کە لەبنەڕەتدا پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کەلایەنی یەکەمی قەیر انەکە (تورکیا)، کەهەست بەبەهێزی خۆی دەکات، بەتەواوی دەربارەی لۆژیکی هێز دەدوێت‌و دیفاکتۆ دەسەپێنێت، بەچاوپۆشین لەبەرژەوەندی لایەنە لاوازەکەیتر، لەکاتێکدا لایەنی لاواز (سوریا) دەربارەی یاسای نێودەوڵەتیی‌و پێوەستبوون بەهاریکاریی‌و دراوسێ باشیی دەدوێت.[2] هاوکات دەرامەتە ئاوییەکان ڕۆڵێکی گرنگ لەدووباره پێناسەکردنەوەی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتان لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەگێڕن، بەتایبەت لەگەڵ کەمبوونەوەی بەردەوامیی دەرامەتە ئاوییەکان. هەروەها ئاو بەیەکێك لەکێشەکانی ئاسایشی نەتەوەیی‌و سیاسەتی دەرەوەو سەقامگیریی نێوخۆ دادەنرێت‌و ململانێ لەسەر ئاو کاریگەری ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر ئاسایش‌و سەقامگیریی،[3] جگەلەوەی لەبوارەکانی کشتوکاڵیی‌و پیشەسازیی‌و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا سودی لێوەردەگیرێت‌و مەسەلەیەکی ستر اتیژییە.[4]**

**تورکیا بەیەکێك لەو دەوڵەتانە هەژمار دەکرێت، کەدەرامەتێکی ئاوی گەورەی هەیەو گەنجینەیەکی گەورەی ئاویشە لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بەشێوەیەك نزیکەی(600ملیار/م3) ساڵانە بار انی لێدەبارێت‌و ئاوی سەرزەوی(26)حەوزی تیایە، کەرووبەرەکەی دەگاتە(766780کم2)و سەرجەم تو انای ئاوی نزیکەی(214 ملیار/م3) ساڵانە،[5] جگەلەوەی چەندین ڕوباری گەورەی وەك(فورات‌و دیجلەوو دەریاچەی باڵك‌و کوش‌و...،تاد)ی هەیە.[6] هێزی ئاوی تورکیا لەوەشدا خۆی دەبینێتەوە، کەسەرجەم ڕوبارەکانی ناوخۆیین، و اتە ئەو انەی لێیەوە هەڵدەقوڵێن‌و دەچنە دەریاچەکانی دەوروبەرییەوە، بەشێوەیەك کۆی درێژیی ئەو ڕوبار انە نزیکەی(2903کلم). هەروەك نزیکەی(523کم) لێیەوە هەڵدەقوڵێ‌و لێ دەڕوا لەئاوەڕۆی ڕوباری دیجلە بەرلەوەی بچێتە نێو خاکی عێر اقەوەو نزیکەی(97کم) لەڕوباری فورات بەرلەوەی بچێتە نێو سنوری سوریاوە، و اتە(88%)ی ئاوی فورات‌و (87%)ی ئاوی دیجلە دەکەونە نێو خاکی تورکیاوە، کەنزیکەی(28%) و اتە(53ملیار/م3) لەکۆی ئاوی سەرزەوی پێکدێنێت.[7]**

**بەڵام سوریا لەڕووی دەرامەتی ئاوییەوە دەوڵەتێکی هەژارە بەبەراورد بەتورکیا، بەجۆرێ ڕێژەی باران بارین سەرباری ئەوەی ساڵانە جێگیر نییە، تێکڕای نزیکەی(48ملیار/م3)دەخەمڵێنرێ، کە سێیەکی بەبەهەڵمبوون‌و دزەکردن دەڕوات.[8] ئاوی سەرزەوی بەسەر حەوت حەوزی سەرەکیدا دابەشبوون، کەبریتین لە(دیمەشق‌و یەرموك‌و عاسی‌و ساحیل‌و حەلەب‌و فورات‌و بادیە)و داهاتی ئاوییان بە(2,7 ملیار/م3) ساڵانە دەخەمڵێنرێت, هەرچی ئاوی سەرزەویشە بۆچەند ڕوبارێکی نێوخۆیی دابەشدەکرێ وەك(خاپورو بلێخ‌و ساجورو...،تاد)، کەڕێژەی ئاوی ئەمانە بە(6,45ملیار/م3) ساڵانە دەخەمڵێنرێت.[9] هەرچی ڕوبارەکانی سنوری سوریاش هەیە لەگەڵ تورکیاو لوبنان‌و ئەردەن، بریتین لە(دیجلەو فورات‌و عەفرین‌و قوەیق‌و عاسی‌و...، تاد). لەنێو ئەم ڕوبار انەش ڕوباری فورات بایەخێکی چارەنوسسازیی بۆسوریا هەیەو داهاتی ئاویی(500 م3/چرکە)یە ساڵانە، و اتە(42%) لەڕێژەی نێوخۆیی‌و(6و622 ملیار/م3) ساڵانە .[10] ئاوی ڕوباری دیجلەش نزیکەی(3,642 ملیار/ م3) ساڵانەیە. سوریا پێویستی بە(12,8 ملیار/م3) ئاویی فورات هەیە بۆپڕکردنەوەی پێداویستییەکانی داهاتوویی، ئەگەر ڕێژەی بەهەڵمبوون بەهەند وەربگرین لەحەوزی گەنجینەی ئەو بەنداو انەی لەسەر هەردوو ڕوباری فورات‌و خاپوور دروستکراون، کەدەکاتە(2 ملیار/م3) یان تێکڕای ساڵانە(13,5 ملیار/م3) لەئاوی فورات یان(15ملیار/م3) لەئاوی خاپوور.[11] و اتە سوریا نزیکەی(80%) پشت بەئاوی ڕوباری فورات دەبەستێت بۆپڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییەکانی. بۆپڕکردنەوەی ئەو پێداویستیانەش سوریا هەوڵی دروستکردنی کۆمەڵێ پرۆژەی ئاویی داوە، وەك بونیاتنانی بەنداووو وێستگەی کارۆ-ئاویی،[12] بەڵام گرنگی فورات بۆسوریا لەوەدایە، کەفاکتەرێکی یەکلاکەرەوەیە بۆمانەوەی.[13]**

[1] فارس مظلوم العانی وسعدی عبد عودة الفهداوی، وکمال احمد العانی: السیاسات المائیة وانعکاساتها فی الازمة المائیة العربیة، ط1، دار الصفاء للطباعة والنشر والتوزیع، عمان-اردن، ص77.

[2] د.عبدالعزیز شحادة المنصور: المسالة المائیة م.س، ص(34-35).

[3] د.عماد الضمیري: ترکیا، م.س، ص41.

[4] د.ابتهال محمد رضا داود: مشکلة المیاه فی الوطن العربی(ترکیا، سوریا، العراق)، م(دراسات دولیة)، ع(الثامن والثلاثون)، ص103، وامیرة اسماعیل العبیدی: اشکالیات السیاسة المائیة ، م.س، ص58.

[5] عبد زهرة شلش العتابی ل(67،68).

[6] علی یاسین عبدالله: التوجهات الحدیثة فی الاستراتیجیة المائیة بین(العراق، سوریا، ترکیا)، م(دیالة)، ع(الثامن والثلاثون)، 2009، ص423.

[7] د.عماد الضمیري: ترکیا، م.س، ص42.

[8] علی یاسین عبدالله: التوجهات، م.س. ص423.

[9] محمود الاشرم: اقتصادیات المیاه فی الوطن العربی والعالم، ط1، مرکز دراسات الوحدة العربیة، بیروت، 2000، ص239.

[10] د.نبیل السمان: المیاه وسلام الشرق الاوسط، م.س، ص99.

[11] عایدة العلی سری الدین: العرب والفرات بین ترکیا واسرائیل، ط1، دار الافاق الجدیدة، بیروت، 1987، ص17.

[12] جویس شیرا ستار: معاهدات حول المیاه الشرق الاوسط، ص101، ود.عماد اضمیري: ترکیا، م.س، ص42.

[13] د.رمزی سلامة: مشکلة المیاة فی الوطن العربي، م.س، ص93، د.عبدالعزیز شحادة المنصور: السیاسة المائیة، م.س، ص97.

**کێشەی ئاویی نێوان تورکیاو سوریا لەسەرەتای ساڵانی حەفتاکانەوە دەرکەوت وگەیشتە ئاستی قەیر انی ئاویی و گرفتەکەش لەوەدا خۆی بینیەوە، کەتورکیا هەستا بەجێبەجێکردنی پرۆژەی گاپ لەسەر ئاوەڕۆو لقەکانی هەردوو روباری دیجلەو فورات، کەخۆی لەپرۆژەیەکی ئاویی فراو اندا دەبینێتەوەو لەساڵی(1980)یشەوە پلانێکی گشتیی تێروتەواوی بۆدانا. تورکیا دەیویست لەرێگەی ئەم پرۆژەیەوە تاکڕەویی بەوەبەرهێنانی سامانی ئاوییەوە بکات، بەوپێیەی کەناتو انرێ مەسەلەی ئاو جێگەی ململانێی نێوان ئەو دەوڵەتانە بێت، کەناکۆکن لەگەڵیداو لەنێویشیاندا سوریا.[1]**

[1] د.وليد رضوان: مشكلة المياه بين سورية وتركيا، ط1، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت، 2006، ص44، وفليب روبنس، تركيا، م.س، ص65.

**بیردۆزەکانی شیکردنەوەی کێشەی ئاوی تورکیاو سوریا**

**یەکەم - بیردۆزی سەروەریی رەهای هەرێمیی:**

بەگوێرەی ئەم بیردۆزە" ئەو دەوڵەتەی بەشێ لەئاوی روبارەکە بەخاکەکەیدا تێپەڕدەبێت، خاوەنی سەروەریی رەهایە بەسەریەوە بێکۆتو بەند، تائەوئاستەی دەتوانێ رێڕەوی سروشتیی روبارەکە بگۆڕێت، بێئەوەی دەوڵەتانیتر، کەروبارەکە بەخاکی ئەو انیشدا تێپەڕدەبێت، مافی دەربڕینی نارەزایی یاساییان هەبێت"،[1] بەڵام نەتوانراوە ئەم بیردۆزە جێبەجێبکرێت، لەبەرئەوەی زۆربەی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەمەسەلەی ئاوداکۆکیی لەمافی هەموودەوڵەتانیتری بەشداربوو لەرێڕەوی روبارەکە دەکەن. هاوکات ئەو رەخنەیەش، کەروبەڕووی ئەم بیردۆزە دەبێتەوە، ئەوەیە لەبنەڕەتدا لەنێوان رەگەزی خاکی هەرێمەکە، کەرەگەزێکی جێگیرەو رەگەزی ئاو، کەرەگەزێکی ناجێگیرو جوڵاوو گوازراوەیە یەکسانیی دەکاتو جیاوازیی ناکاتو هەردووکیان لەژێر بڕیاری یاسایی پرنسیبی سەروەریی هەرێمیی رەهادان. سەرباری ئەوەی، کەهیچ بایەخ بەمافی دەوڵەتانیتری بەشداربووی روبارەکە نادات. هاوکات بیردۆزەکە کەموکوڕییەکیتری ئەوەیە، کەپرنسیبی پێویستیی زیان نەگەیاندن بەمافی دەوڵەتانیتر بەهەند وەرناگرێت، کەپرنسیبێکی گشتیی نێودەوڵەتییە لەمەسەلەی قەیرانی ئاویدا.[2] لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین تورکیا لەقەیرانی ئاویی لەگەڵ سوریا پشتی بەم بیردۆزە بەستووەو پەیڕەویی لێکردووە، چونکە یەکێك لەبنەماکانی تێڕوانینو سیاسەتی ئاویی، پێداگرتن بوو لەسەربنەمای سەروەریی رەها بەسەرسامانی ئاوییەوەو کرۆکی ئەم بیردۆزەش جەخت لەسەرسەروەریی رەها دەکاتەوە.

**دووەم- بیردۆزی سەروەری کۆتو بەندکراوی هەرێمیی:**

ئەم بیردۆزە پێیو ایە:"هەموو دەوڵەتێك، کەروبارێکی نێودەوڵەتیی بەخاکەکەیدا تێپەڕدەبێت، مافی تەواویی هەیە، کەرۆیشتنی روبارەکە لەهەرێمەکە وەکخۆی بهێڵێتەوە لەڕووی رێژەی ئاوو چۆنێتییەوە. بەمانایەکیتر ئەو روبارەی یەکێتییەك پێکدێنێتو بەسنووری سیاسیی دەوڵەتەکە کاریگەرنییە، ئەو سەروەرییەش دەوڵەتەکە مومارەسەی دەکات سەروەرییەکی کۆتو بەندکراوەو ناتوانێ رێڕەوی روبارەکە بگۆڕێت یان بیوەستێنێت، یان بڕەکەی کەم بەربداتەوە یان زیاد. بەکورتی هەموو دەوڵەتێك مافی سودوەرگرتنی لەئاوی روبارەکە هەیە، کەبەخاکەکەیدا تێپەڕدەبێت، بەو مەرجەی زیان بەمافی دەوڵەتانیتری هاوبەش نەگەیەنێت"،[3] بەڵام گرفتی ئەم بیردۆزەش ئەوەیە، کەناتوانێت چارەسەریی کێشەی دژیەکی لەسوودوەرگرتنی نێوان دەوڵەتان بکاتو ئاماژەش بۆبەڕێوەبردنی هاوبەشیی ئەو پرۆژانە ناکات، کە لەسەرروبارە نێودەوڵەتییەکان بەرپا دەکرێن، بەنیسبەت گرەنتی زیان بەرنەکەوتنی هەندێ لەو دەوڵەتانەی، کەبەهۆی ئیشکردنی ئەو پرۆژانەوە زیانمەند دەبن. هەروەك ئاماژەش بۆهاریکاریی نێوان ئەو دەوڵەتانە ناکات لەبواری چاك کردنی ژینگەی روبارەکە.[4] لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین، کەسوریا پەیڕەوی لەم بیردۆزە دەکرد، چونکە پێ لەسەر مافی هەموو دەوڵەتانی بەشداربوو لەروبارەکە دادەگرێت، بەڵام رێگرێکی بەردەم جێبەجێنەبوونی ئەم بیردۆزە ئەوەیە، کەتورکیا بەهەموو شێوەیەك دۆخی نێودەوڵەتیبوونیی هەردوو روباری دیجلەو فوراتی رەتدەکردەوە، کەبنەمای ئەم بیردۆزەش جەختی لێدەکاتەوە.

**سێیەم- بیردۆزی خاوەندارێتیی هاوبەش:**

ئەم بیردۆزە وادادەنێت:"رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکە، لەنێوان هەموو ئەو دەوڵەتانەی، کەروبارەکە پیایاندا تێپەڕدەبێت، خاوەندارییەکی هاوبەشە لەگەڵ ئەو کۆتو بەندانەی دەخرێنە سەر ئازادیی دەوڵەتێ لەبەکارهێنانی ئەو بەشەی روبارەکە، کەدەکەوێتە ژێر دەسەڵاتییەوە. هاوکات هیچ یەکێکیشیان بێرەزامەندیی ئەو انیترناتوانن پرۆژە بۆکەڵك وەرگرتن لەئاوی روبارە نێودەوڵەتییەکە لەو بەشەی روبارەکە، کەبەخاکەکەیدا دەڕوات دروستبکات، مادەم ئەو کەڵکوەرگرتنە دەبێتەهۆی رودانی هەرکاریگەرییەك لەبەردانەوەی ئاویی رێڕەوەکە، بەزیادکرن بێت یان کەمکردن". بەگوێرەی ئەم بیردۆزە دەتوانرێ کێشە ئاوییەکان چارەسەربکرێت، بەکەڵك وەرگرتن لەرێسای کەڵکی دادپەروەرانە.[5] دیسان تێبینی ئەوە دەکەین کەسوریا پشتگیریی ئەم بیردۆزەش دەکات، چونکە لەخاوەندارێتیی روبارەکەدا بەشدار دەبێتو مافی هەڵسوکەوتکردنی بەو بەشەی روبارەکە، کەدەکەوێتە نێو خاکەکەیەوە پێدەبەخشێت، بەڵام دیسان گرفتی گەورە لەبەردەم ئەم بیردۆزەدا هەیە، کەئەمیش هەموو شتەکانی لەسەربنەمای نێودەوڵەتیبوونی روبارەکەیە، لەکاتێکدا ئێمە ئەوەمان زانی، کەتورکیا بەهەموو شێوەیەك ئەمە رەتدەکاتەوە.

**چوارەم- بیردۆزی بنەمای کەڵکوەرگرتنی دادپەروەرانە:**

**ئەم بیردۆزە جەخت لەسەردوو بنەما دەکاتەوە:**

**یەکەمیان:** هەر دەوڵەتێ مافی دابەشکردنی دادپەروەرانەی هەیە، بەنیسبەت کەڵکوەرگرتنی تۆڕە روبارییەکان لەژێر رۆشنایی پێویستییەکانو ئەو بارودۆخانەی پێوەستە بەتۆڕە روبارییەکەوە بەرێژەیەکی ماقوڵو دادپەروەرانە.

---

[1] د.نبيل السمان: المياه وسلام، م.س، ص46.

[2] ن.م، ص122.

[3] د.سليمان عبدالله اسماعيل: السياسة المائية، م.س، ص(286-287).

[4] ن.م، ص(283-284).

[5] د.عبدالعزيز شحادة المنصور: المسالة المائية، م.س، ص122.

**دووەمیان: رێگریی لەو دەوڵەتەکە دەکرێ بەوەستاندن یان گۆڕینی بەردانەوەی ئاوی ئەو روبارەی، کەبەخاکی دەوڵەتە هاوبەشەکانیتردا دەڕوات، بەڵکو رێگریشی لێدەکات لەبەکارهێنانی ئاوی ئەو روبارەی، کە مەترسی هەبێت لەسەر دەوڵەتێك یان دەوڵەتانیتر.[1] دواجار لەمەشدا هەر تێبینی ئەوە دەکەین، کەهەڵوێستو سیاسەتی ئاویی سوریا دەچێتە چوارچێوەی ئەم بیردۆزەوەو پشتگیریی لێدەکات، چونکە لەلایەك پشت بەبنەمای کەڵکی شیاوو دادپەروەرانە دەبەستێتو لەلایەکیتریشەوە رێگریی لەهەر دەوڵەتێك دەکات، کەزیان بەمافی ئەو انیتر بگەیەنێت، بەڵام لەگەڵیدا تێبینی ئەوەش دەکەین، کەبەپێچەو انەوە تورکیا دژیەتی، چونکە سەروەریی دەخاتە ژێر پرسیارەو دەوڵەتانیتر بەشدار دەکات لەئاوی روبارەکەو لەبەکارهێنانو کەڵك لێوەرگرتنیشیدا.**

**بەگشتی سێ پرەنسیپ هەیە، کەپەیوەستن بەبڕیاردان لەسەر مافی داواکاریی دەوڵەتانی خاوەن گرفت لەکێشەی ئاویدا، ئەو انیش بریتین لە:**

**- پرەنسیپی یەکەم: سەروەریی رەها، کەبیرۆدزی یەکەمو تێرو انینو سیاسەتو مامەڵەی وڵاتی خاوەن رووبار، کەلەخاکەکەیەوە رووبارە هەڵدەقوڵێت بەکاریدەهێنێت، لەبەرئەوەی ئەو دەوڵەتە پێی و ایە روبەرە ئاوییەکە بەشێکی دانەبڕاوە لەخاکی نیشتیمانیی.**

**- پرەنسیپی دووەم: یەکێتی رەها، ئەم پرەنسیپەش زیاتر ئەو دەوڵەتەی دەکەوێتە بەشی خوارەوەی رێڕەوی رووبارەکە بەکاریدەهێنێت، بەو پێیەی و ایلێکدەداتەوە، کەرێڕەوی رووبارەکە یەکەو هیچ پارچە چارچەبوونێکی تێدا نیەو دژی گرتنەبەری هەر رێو شوێنێکی نایاساییە، کە زیان بەزەویەکانی بگەیەنێت.**

**- پرەنسپی سێیەم: سەروەری دیاریکراو، کە بەرژەوەندیو یەکێتی دەوڵەتانی تر لەپێشچاو دەگرێت.[2]**

**تەوەری دووەم- سیاسەتی ئاویی تورکیاو سوریا**

**سەرباری خستنەڕووی بیردۆزەکانی شیکردنەوەی قەیر انی ئاوییو باسکردنی بنەماکانی بڕیاردان لەمافی داواکاری دەوڵەتانی خاوەن گرفت لەکێشەی ئاویدا، بەڵام قەیر انی ئاویی پەیوەندییەکی قوڵی بەسیاسەتی ئاویی هەربەکە لەتورکیاو سوریاشەوە هەیە، لەبەرئەوەی تورکیا بەشێکی زۆر لەسیاسەتی ئاویی خۆی لەجێبەجێکردنی پرۆژەی باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ (گاپ-GAP)* دەبینێتەوەو بڕوای و ایە بەجێبەجێبوونی ئەو پرۆژەیە دەبێتە دەوڵەتێکی زاڵ بەسەر ئاسایشی ئاویی لەئاست دەوڵەتانی نێوچەکە، سەرباری بەکارهێنانی ئاو وەك سەرمایەیەکی نیشتیمانیی، کەدەکرێ بەنەوت ئاڵوگۆڕیی پێبکات یان وەك چەکێك بۆبەدەستهێنانی داواکارییە ئاسایشییەکانی سوودی لێوەربگرێت.[3] سوریاش هەرلەسەرەتاوە ناڕازیی بوولەجێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە، چونکە گرفتی گەورەی لەڕووی مەسەلەی ئاوییەوە بۆدروستدەکردو کاریگەریی ئەو پرۆژەیە دەبووە هۆی:**

1. **دابەزینی رێژەی ئاو لەروباری فورات بەئاراستەی سوریا لە(15,7 ملیار/م3) بۆ (11ملیار/م3) ساڵانە.**
2. **زیانکەوتن لەئابووریی، بەتایبەت لەبواری وزەی کارەباو دابەزینی ئاوی دەریاچەی ئەسەد بۆپلەیەك، کە لە هەشت یەکەی ئیشکردن، حەوتیان بوەستێ لەوێستگەی بەنداوی فورات، کەپێشتر سوریای تەزوید دەکرد بە(9,9%) لەبەرهەمی کارەبای سوریی. جگەلەوەی کاریگەریی لەسەر پیشەسازیی نەوتو چیمەنتۆو رستنو چنینیش هەبوو.[4]**

**بەگشتیش دەتو انین ئامانجەکانی تورکیا لەو پرۆژ انەو سیاسەتی ئاویی لەچەند خاڵێکدا دیاریبکەین:**

1. **بەکارهێنانی ئاو وەك رەگەزی هێزی بڕیاردان لەپرۆژەی بڕیارسازیی، بەگوێرەی رو انینی ستر اتیژیی،[5] چونکە لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیادا، جیۆ-سیاسیی ئاوو کێبڕکێو گرژییو ئاڵۆزیی رۆڵی گەورەیان بۆماوەیەکی زۆر دەگێڕا.[6]**
2. **قۆستنەوەی لاوازیی هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبیی بەهۆی دووری هەردوو سیستمی فەرمانڕەوای عێراقو سوریا لەیەکتریو زۆری ناکۆکیی سیاسیی نێو انیان.[7]**

---

[1] ن.م، م،.س، ص123.

[2] يورج باراناداتٍ وايتول كابلان: القانون الدولي للمياة: نظم للتعاون ومناقشة المعاهدات الدولية للمياة، من كتاب والتينا شومان ومانويل شيفلر: المياة في الشرق الاوسط نزاعات محتملة وتعاون مأمول، ترجمة (ا.د.عبدالعزيز محمد البسام، ا.د.سمير محمود الشاذلي)، ط1، النشر العلمي والمطابع، جامعة ملك السعود، السعودية، 2006، ص(9-10).

* پرۆژەی باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ (گاپ-GAP): ئەم پرۆژەیە لە(22) بەنداوو (19) وێستگەی کارەبایی پێکهاتووە لەسەر رێرەوی هەردوو روباری دیجلەو فورات و نزیکەی (17 هەزار کم چوارگۆشە) لەخۆدەگرێت، دەکەوێتە سنووری پارێزگا کوردنشینەکانی باکووری کوردستان (دیاربەکر،باتمان، ئادیامان، گازی عەنتاب، کیلیس، سیعرت، رەها، ماردین، شرناخ). بیرۆکەی پرۆژەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1936، کاتێك مستەفا کەمال بڕیاری دامەزراندنی فەرمانگەیەکی میریی دا، کەئەرکی پەرەپێدانی ووزەی ئاویی (هایدرۆلیکی) بێت. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە د.ريان ذنون محمود العباسي: الاثار الاقتصادية والبيئية لمشروع جموب شرق الاناضول علي سوريا والعراق، مج(دراسات اقليمية)، ع(4)، 31كانون الاول 2005)، جامعة الموصل، مركز دراسات الاقليمية التركية، ص2.

[3] خورشيد حسين على: تركيا، م.س، ص19.

[4] عبدالرضا كاطع صون: المسؤلية الدولية عن الاستخدام الضار لنهر الفرات من قبل تركيا، ص(224-225).

[5] د.عباس عبدالمحسين كاظم وظاهر عبدالزهرة خضير: تركيا ونهر الفرات، نظرة تحليلية فى الجغرافية السياسية، م(ابحاث للعلوم الانسانية)، مج(36)، ع(3)، البصرة، 2011، ص143.

[6] جراهام فولر: الجمهورية التركية الجديدة، م.س، ص122.

[7] جون بولوك وعادل درويش: حروب المياه، الصراعات القادمة فى الشرق الاوسط، ت(هاشم محمد محمد)، المجلس الاعلى للثقافة، 1999،ص(24،42) و محمد بركات: مشكلات الحدود العربية، اسبابها النفسية واثارها السلبية، ط1، اطلس للنشر والانتاج الاعلامى، قاهرة، 2005، ص205.

3. کۆنترۆڵی تەواو بەسەر ئاوی هەردوو روباری دیجلەو فورات لەنێوخۆی وڵاتەکەو دروستکردنی کاریگەریی لەسەر سوریاو عێراق لەرێگەی مامەڵەکردن بەرێژەی ئاوو سەپاندنی مەرجەکانی خۆی.[1]

4. بەهێزکردنی پێگەی هەرێمیی وەك رەگەزی هاوسەنگیی و سەقامگیریی و ئاشتیی لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەداهاتوودا.

5. پرۆژە ئابوورییەکان یارمەتی گەشەکردنی رۆڵی تورکیا لەنێوچەکەدا دەدەن، لەڕێگەی بەکارهێنانی ئاو وەك ئامرازێك لەچالاك کردنی ئەو رۆڵەدا.[2]

6. پەیبردن بەبایەخی ئاو وەك چەکێکی کاریگەرو گرێدانەوەی بەمەسەلەی نەوتەوە(بەتایبەت لەساڵانی نەوەدەکان)[3] و ئەمەش لەسەر زاری سلێمان دیمریلەوە لەکاتی لێدانی بەنداوی ئەتاتورکدا ئاماژەی بۆکردووتی:"بیرە نەوتەکان بۆخۆیان و سەرچاوەکانی ئاو بۆئێمە، تورکیا مافی خۆیەتی تەحەکوم بەئاوی دیجلەو فوراتەوە تا دوا خاڵی سنووریی بکات".[4]

7. تەوقدانی نارەزایی کوردو زاڵبوون بەسەر جوڵانەوەی چەکداریی کورد لەو نێوچانەی پرۆژەکان لەڕێگەی رەخساندنی هەلی کار بۆدانیشتووانی نێوچەکە لەکەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیی و خزمەتگوزاریی و پەیوەندیی و لێرەشەوە دروستکردنی نێوبڕ لەنێوان ئەوان و جوڵانەوە چەکدارییەکەدا.[5]

8. بەکارهێنانی ئاوی دیجلەو فورات وەك کارتێکی فشار بۆچارەسەرکردنی بەشێ لەکێشە دەرەکییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و بەتایبەت سوریا، وەك مەسەلەی سنوورو کێشەی روباری عاسی، کەتورکیا دەیویست لەرێگەی ئەمەوە دانپێدانانی سوریا بەسنووریی نێوانیان چنگ بکەوێت.[6]

جگە لەوەی سیاسەتی ئاوی تورکیا بەرامبەر بەسوریا پشتی بەکۆمەڵێك بنەما بەستووە، لەوانە : بنەمای سەروەریی، کەمەبەست لێی سەروەری تورکیایە بەسەر سەرچاوە ئاوییەکانی هەردوو روباری دیجلەو فورات، بەوپێیەی هەردوو رووبارەکە بە(روباری نیشتیمانیی)* لەقەڵەم دەدات. لەمبارەوە (سلێمان دێمریل) پێیوابوو سەروەریی تورکیا بەسەر ئاوەوە لەسەر بنەمای سەروەریی رەها دامەزراوەو مافی سەروەریی و زاڵبوونی بەسەر هەردوو روباری دیجلەو فوراتەوە هەیەو هیچ بوارێك بۆدانوستان یان سازش لەگەڵ هاوبەشەکانی لەو حەوزە لەگۆڕێدا نییەو ئاو سامانێکی نیشتیمانیی تورکیایە. لێرەوە دیمریل رای وابوو بنەمای هەڵسوکەوتکردن بەئاوی ئەو روبارانەوە، بەشێکی دانەبڕاوە لەسەروەریی نیشتیمانیی بەسەر وڵاتەوە، وەك سەروەریی تورکیا بەسەر خاك و هاوڵاتیانیەوە.[7]

هاوکات بنەمایەکی تری سیاسەتی ئاوی تورکیا بریتی بوو لەوەی، کە تورکیا پێیوابوو ئاو کاڵایەك نییە بۆفرۆشتن و گۆڕینەوە(بەشێوەی شت بەشت). لەهەمانکاتدا سامانێکی نیشتیمانی تەنها خۆیەتی و کەس بۆی نییە تێیدا بەشدار بێت، لەبەرئەوەی تاکە خاوەنی تورکیا خۆیەتی.[8]

جگەلەوەی تورکیا پێیوابوو ئەو ئاوەی بۆسوریای بەردەداتەوە قوربانییە، نەك ئەرك و پشك، چونکە بۆچوونی وابوو ناتوانێت تەحەمولی جێهێشتنی دەشتەکانی باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بەبێ ئاو بکات، تەنها لەبەر خاتری ئەوەی ئاو بەخوڕ لەنافورەکانی بەغداو دیمەشقەوە بێتەخوارێ.[9] هاوکات بنەمایەکی دیکەی سیاسەتی ئاویی تورکیا لەسەر قبوڵنەکردنی گرێدان و ئیمزاکردنی رێکەوتننامە لەگەڵ دەوڵەتانیتری حەوزی ئاویی نێوانیان دامەزرابوو، بەبیانووی ئەوەی یاسای نێودەوڵەتیی ناچارو پابەندیی ناکات. لەمڕووەوە (سلێمان دێمریل) رایگەیاند:"یاسای نێودەوڵەتیی هیچ جۆرە رێکەوتنێك لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەیتر، کەهاوبەشن لەگەڵمانا دەربارەی دەرامەتی ئاو بەسەرماندا ناسەپێنێت و یاسایەکی نێودەوڵەتی نییە دەربارەی ئاوەڕۆی سنوورتێپەڕ. هەموو ئەوەی دەکرێ پێشبینیبکرێ، بریتییە لەپەیڕەوکردنی ئینساف و زیان نەگەیاندن بەو دەوڵەتانە". بۆیە تورکیا دانی بەمافی سوریا لەپشکی ئاویدا نەدەنا.[10]

---

[1] د.عماد الضميري: تركيا، م.س، ص54.

[2] د.عبدالعزيز شحادة المنصور: السياسة ، م.س، ص192، ود.ابتهال محمد رضا داوود: مشكلة المياه، م.س، ص111.

[3] داليا اسماعيل محمد: المياه والعلاقات الدولية، دراسة فى اثر ازمة المياه على طبيعة ونمط العلاقات العربية- التركية، ط1، مكتبة مدبولى، القاهرة، 2006، ص38.

[4] د.حامد عبيد حداد: المشاريع المائية التركية فى حوضى دجلة والفرات، الاهداف والنوايا، مجلة العلوم الاقتصادية والادارية، مج(18)، ع(65، ص269.

[5] ن.م، ص278، د.عبدالعزيز شحادة المنصور: السياسة المائية، م.س، ص164.

[6] د.سليمان عبدالله اسماعيل: السياسة المائية لحوضى دجلة والفرات وانعكاساتها على القضية الكردية، ط1، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، 2011، ص109، واميرة اسماعيل العبيدى: اشكاليات السياسة المائية، م.س، ص59.

* روباری نیشتیمانیی: بریتییە لەو روبارەی لە سەرچاوەوە تا رێژگەکەی دەکەوێتە خاکی یەك دەوڵەتەوە، بڕوانە د.حاتم مهدى الرفاعى: اشكالية المياه بين القانون والسياسة، مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية، ع(1)، مجل(7)، 2012، ص4.

[7] د. ريان ذنون العباسي: سليمان ديمريل ودوره فى تنمية مشاريع المياه التركية، م(التربية والعلم)، مج(17)، ع(1)، 2010، ص321.

[8] د.ابتهال محمد رضا داوود: مشكلة المياه، م.س، ص108.

[9] د.جلال عبدالله معوض: صناعة القرار فى تركيا والعلاقات العربية التركية، م.س، ص127، ود.عبدالعزيز شحادة المنصور: المسالة المائية، م.س، ص149.

[10] د. سليمان عبدالله اسماعيل: السياسة المائية، م.س، ص81.

بەمەش توركیا بانگەشەكانی سوریای رەتدەكردەوە لەڕووی ئەوەی رووباری فورات بە(رووباری نێودەوڵەتی)* هەژماربكات، چونكە سوریا یەكێك لەو پاساوو بیانوو انەی لەكێشەی ئاویی لەگەڵ توركیا پشتی پێدەبەستو بەكاری دەهێنا، بریتی لەوەی رووباری فور اتی بەرووبارێكی نێودەوڵەتی دادەنا، كەبەپێی پێناسەی رووباری نێودەوڵەتیو یاسا نێودەوڵەتییەكان بەتایبەت لەمەسەلەی ئاوو رووبارە نێودەوڵەتییەكاندا هەموو ئەو دەوڵەتانەی روبارەكەیان پێدا تێپەڕ دەبێت مافیان تێیدا هەیەو لەئاوو بەكارهێنانیدا بەشدارن.[1] ئەم پشتبەستنەی سوریاش بەشەقڵە نێودەوڵەتییەكەی رووباری فورات بۆ بنەما گشتییەكانی یاسای نێودەوڵەتی دەگەڕێتەوە، كەبەسەر ئاویی نێودەوڵەتیو رووباری نێودەوڵەتی هاوبەشدا جێبەجێ دەبێت، ئەو انیش بریتین لە:(هاوسێباشیی، زیان نەگەیاندن بەویتر، خۆگونجاندنی یاسایی، جێبەجێكردنی پابەندییە یاساییەكان بەنیازباشییەوە، هاریكاریی نێودەوڵەتیی، بەكارنەهێنانی ماف بۆ پێشێلكردنی مافی ئەویتر، چارەسەركردنی ناكۆكییەكان بەڕێگەی ئاشتییانەو دانوستان لەكاتی ناكۆكیدا). هەروەك گرنگترین بنەمای تایبەتی لەبنەما گشتییەكانی تایبەت بەئاو بریتییە لەبنەمای دابەشكردنی دادپەروەر انەو ماقوڵ بۆ ئاوی نێودەوڵەتیو بنەمای یەكسانیی لەمافی بەكار هێنانی ئاو. هەموو ئەو انەش كورت دەبنەوە لەبنەماكانی (دادپەروەرییو بەكارهێنانی ماقوڵو زیان نەگەیاندن بەویتر)[2].

---

* رووباری نێودەوڵەتیی: ئەو روبارەیە، كە بەهەرێمی دوو دەوڵەتدا دەڕوات یان لە هەرێمێك یاتر، یان زیاتر لە دەوڵەتێك لەیەك جیادەكاتەوە، واتە ئەگەر یەكێك لەو دوو رەگەزە(تێپەڕ بوون بە هەرێمێك زیاتر لە دەوڵەتێك یان نێوان زیاتر لە دەوڵەتێكی پێكهێنا)، ئەوا بە روباری نێودەوڵەتی هەژمار دەكرێت، بە گوێرەی پێناسەی پەیماننامەی ڤیەنناى(1815). لەڕووی سەروەریی هەرێمیشەوە، هەر دەوڵەتێك سەروەریی خۆی بەسەر ئەو بەشەی روبارەكەوە هەیە، كە دەكەوێتە خاكەكەیەوە، بەمەرجێك لەگەڵ مافی دەوڵەتەكەی تردا دژ نەبێت. بڕوانە دالیا اسماعیل محمد: المياه والعلاقات الدولية، م.س، ص(41-42)، ورمزى سلامة: مشكله المياه، م.س، ص(126-127).

[1] بيان العساف: انعكاسات الامن المائي العربي علي الامن القومي العربي، دراسة حالة حوضي الاردن والرافدين، اطروحة دكتوراة غير منشورة، كلية العلوم السياسية والاعلام، قسم العلوم السياسية والعلاقات الدولية، جامعة الجزائر، 2005، ص.

[2] د.شكراني الحسين: العدالة المائية من منظور القانون الدولي، رؤي استراتيجية، سبتمبر 2013، ص88.

**تەوەری سێیەم- کێشەی کورد لە قەیر انی ئاوبی تورکیاو سوریادا**

**لەکاتی سەرهەڵدانی قەیر انی ئاوییدا، لەتورکیا دوو بۆچوون سەبارەت بەمەسەلەی ئاسایش و لەمەڕمامەڵەکردن لەگەڵ سوریا لەئارادابوو:**

**یەکەمیان: بیرورای دامەزراوەی سەربازیی و تۆرگۆت ئۆزال بوو، کەو ایاندەبینی بەردانەوەی ئاوی فورات کەمبکرێتەوە، بۆئەوەی سوریا ناچاربکرێت کۆمەکی جوڵانەوەی چەکداریی کورد رابگرێت و دەرك بەگرنکی پەیوەندیی لەگەڵ تورکیا بکات.**

**دووەمیان: بۆچوونی وەزارەتی دەرەوە بوو، کەداو ایدەکرد جیاکاریی لەنێوان مەسەلە سیاسیی و ئابوورییەکان لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ سوریا بکرێت.[1] ئەگەرچی تورکیا بەفەرمی چەند جارێك رایگەیاندبوو ئاوی روبارەکان وەك چەکێك بەکارناهێنێت، بەڵام دواجار بۆچوونی یەکەم سەرکەوت و کارپێکراو بەکرداریش لەساڵی(1990) ناڕاستەوخۆ ئاو وەك ئامرازی فشار دژی سوریا بەکارهێنرا پاش ئەوەی تورکیا بەبیانووی پڕکردنی بەنداوی ئەتاتورك بۆ ماوەی مانگێك ئاوی رووباری فوراتی راگرت و رێگەی نەدا بۆ سوریا بچێت،[2] چونکە لەبنەڕەتیشدا یەکێ لەئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئاویی تورکیا فشار خستنە سەر سوریا بوو بۆدەستبەرداربوون لەکۆمەکیکردنی جوڵانەوەی چەکداریی کورد، لەبەرئەوەی کرۆکی سیاسەتی ئاویی تورکیا دەوردانی جوڵانەوەی چەکداریی کورد، بوو لەو نێوچانەی، کەپرۆژە ئاوییەکانی تێدا جێبەجێدەکرا.[3] باسیش لەوە دەکرێ، کەئەمریکا فشاری خستۆتە سەر سوریا بۆئەوەی دەستبەرداریی جوڵانەوەی چەکداریی کورد ببێت لەبەرامبەر چارەسەرکردنی کێشەی ئاو لەگەڵ تورکیا. تەنانەت تورکیا پێشوەخت جوڵانەوەی چەکداریی کورد لەقەیر انی ئاویی خۆیدا کردە ئامانج و لەساڵی(1986) ژمارەیەك ئەندامی پارتی کرێکار انی کوردستانی دەستگیرکرد، ئەویش دوای ئاشکر اکردنی پلانێك بۆتێکدان و تەقاندنەوەی بەنداوی ئەتاتورك، سوریای بەهاندانی ئەو کۆمەڵە تۆمەتبارکرد.[4]**

**لەڕاستیدا پێشئەوەی پرۆژەکانی باشووری ئەنادۆڵ تەواو ببن، تورکیا نەیدەویست چارەسەریی کۆتایی کێشەی ئاو بکات بۆدابەشکردنی ئاوی دیجلە و فورات، ، چونکە پێیو ابوو رێکەوتننامە هیچ دەسکەوتێکی سیاسیی بۆوەدیناهێنێت، بەتایبەت بەهۆی گومانی بەرامبەر بەردەوامیی هەڕەشەی جوڵانەوەی چەکداریی کورد و کێشەی روباری عاسی.[5] دواجار تورکیا سووربوو لەسەر رێکەوتننامەی گشتیی ئاو لەگەڵ سوریا، بەڵام بەو مەرجەی تاڕادەیەك پێکەوە هاریکاریی بکەن بۆسنووردانان بۆچالاکییەکانی جوڵانەوەی چەکداریی کورد.[6]**

**کێشەی کورد لەرێکەوتننامەو پرۆتۆکۆڵەکانی نێوان تورکیاو سوریا(1987- 1992)**

**تورکیا لە سیاسەتی دەرەوەو لەئاست بەشێك لەکێشەکانی لەگەڵ وڵاتانی هەرێمیی و بەدیاریکراویش لەگەڵ سوریا، پێڕەوی لەپرینسیپی سازش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و رزگاربوون لێیان کردووە. ئەم سازشکردنەش لە و اقیعی نێودەوڵەتیی و هەرێمیدا کاریگەری لەسەر هەڵوێستی سیاسیی تورکیا بەرامبەر وڵاتانی هەرێمیی و جیهانیی جێهێشتووە.[7]**

**دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی کورد مایەی هەڕەشە بوو بۆسەر ئاسایشیی نەتەوەیی تورکیا. بۆروبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسیی و هەڕەشەیە تورکیا ستر اتیژی تەوقدانی گرتەبەر، سەرباری ئەوەی لەچرکەساتی دامەزر اندنی تورکیاوە ستر اتیژی تەوقدانی لەسەر دوو ئاست دەستپێکردووە، یەکەمیان: تایبەت بووە بەخودی تورکیا خۆی و ئەوی تریان لەرێگەی هاوپەیمانی دەرەکییەوە، بەتایبەت لەسەر ئاستی هەرێمیی. بۆیە لەقۆناغی هەشتاکان تانەوەدەکان پشتی بەهەردووکیان بەستووە بۆ روبەڕووبوونەوەی جوڵانەوەی چەکداریی کورد.[8] هاوکات تەوقدان یەکێك لەموفرەداتی ستر اتیژیی سیاسەتی دەرەوەی تورکیایە بۆروبەڕووبوونەوەی فاکتەرەکانی هەڕەشەی نێوخۆیی و دەرەوەو خۆی دەبینێتەوە لە(دانوستان، هەڕەشەکردن، بەربەرچدانەوە، جەنگ، میدیا، سیخوڕیی، دیپلۆماسییەتی گشتیی یارمەتیی دەرەکیی و کارئاسانیی بازرگانیی و ئاسایشیی و...، تاد).[9] پەیڕەوکردنی ئەم ستر اتیژەش لەڕێگەی ئەنجامدانی چەند پرۆتۆکۆڵ و رێکەوتننامەیەك بوو لەگەڵ سوریا لەو ماوەیەدا، بەمشێوەیە:**

**پرۆتۆکۆلی ساڵی(1987)**

---

[1] د.جلال عبدالله معوض : صناعة القرار، م.س، ص199، ود.عماد الضميري: تركيا، م.س، ص34.

[2] د.عبدالعزيز شعبان الحديثي: نهر دجلة والفرات بين الحقوق المكتسبة والسياسة المائية التركية، مج (ديالي)، العدد الخامس والثلاثون، 2009.

[3] د.وليد رضوان: العلاقات العربية- التركية، م.س، ص196، ود.عبدالعزيز شحادة المنصور: المسالة المائية، م.س، ص110.

[4] لەمبارەوە ئۆزال لەساڵی 1989 و 1996 سوریای لەو هاوکاریی و هاندانەی pkk ئاگادار کردەوە، بڕوانە د.جلال عبدالله معوض: صناعة القرار، م.س، ص198وعايدة العلى سري الدين: العرب والفرات، م.س، ص(70،49).

[5] احمد حسين طه الاسودى: مشكلة المياه، م.س، ص553.

[6] عايدة العلى سري الدين: الدول المثلث، م.س، ص239.

[7] محمود سالم السامرائى: المساومة فى السياسة الخارجية التركية، مج(العربية) للعلوم السياسية، ع(13)، شتاء 2007، ص77.

[8] د.عقيل سعيد محفوض: سورية وتركيا، ص(182-185) وص (187-188).

[9] د.عقيل سعيد محفوض: السياسة الخارجية التركية، ص(152-153).

ئەم پرۆتۆکۆڵە لەسەرەتادا پرۆتۆکۆڵێکی هاریکاریی ئابووریی بوو لەبواری کنەو پشکنین دەربارەی نەوت و گازو رێکخستنی خەرجیەکان و گواستنەوەی گۆشت و کاروبارە گومرکییەکان،[1] بەڵام هێندەی نەبرد بەماوەیەکی کەم پرۆتۆکۆڵێکی ئاسایشییش بەدوا ییدا هات، ئەویش کاتێك بوو، کەتورکیا سوریای بەهاندانی ژمارەیەك(12 کەس)ی pkk تۆمەتبار کردبوو، کەساڵی(1986) گوایە پلانیان بۆتێکدانی بەنداوی ئەتاتورك دانابوو. بۆیە دوای سەردانی تۆگوت ئۆزال لەتەموزی(1987)بۆ دیمەشق، ئەو پرۆتۆکۆڵەی ئیمزا کردو رێکەوتن لەسەر:

1. تورکیا ساڵانە بڕی (500 ملیار م3 / چرکە) ئاو لەروباری فورات بۆ سوریا بەربداتەوە، کەساڵانە یەکسان بێت بە(15075 ملیار م3/چرکە)، لەبەرامبەردا ئەو وڵاتە رێگری لەپارتی کرێکارانی کوردستان بکات، کەبیەوێت هێرش بکاتە سەر تورکیا لەرێگەی سنوورەکانییەوە. هەروەها سەربازگەو بنکەو بارەگاکانیشی لەسەر خاکەکەی لاببات.

2. رادەستکردنی داواکراوان لەهەردوولا، ئەگەر سەلمێنرا زیان بەئاساییش دەگەیەنن.

3. داخستنی نوسینگەی pkkو حزبی شیوعی تورکی لەسوریاو دەرکردنی سەرکردەو کادرەکانیان، کەسەرپەرشتی سەربازگەکانی راهێنان لەنێوچەی بیقاع دەکەن.

4. دەرکردنی ئەندامانی سوپای سوریی ئەرمەنی و سنووردانان بۆچالاکییەکانیان.

5. سڕینەوەی پارێزگای ئەسکەندەروونە لەسەر نەخشەکانی سوریا لەنێو پەڕاوەکانی خوێندندا.[2]

رێکەوتننامەی ساڵی(1992)

ئەم رێکەوتننامەیە لەبەرئەوە هاتەئاراوە، کەتورکیا پێیوابوو، سوریا پابەند نەبووە بەو خاڵانەی لەپرۆتۆکۆلی(1987)دا هاتبوو، تایبەت بەڕاگرتنی هاوکاریکردنی جوڵانەوەی چەکداری کوردو راوەستاندنی چالاکییە چەکارییەکان لەنێوچە سنوورییەکان. بۆیە کاتێ(عیسمەت سیزگین)ی وەزیری نێوخۆ لەنیسانی(1992) لەدیمەشق چاوی بە(حافز ئەسەد) کەوت، دەبارەی ئەو مەسەلەیە هەندێ سکاڵای ئاراستە کرد. دوای ئەم نیگەرانیی و سکاڵایەی تورکیا، هێندەی نەبرد لەدیرۆکی(1992/4/17) لەگەڵ سوریا رێکەوتننامەیەکی تریان ئیمزا کرد، کەزۆربەی مادەو بڕگەکانی تایبەت بوو بەجوڵانەوەی چەکداریی کوردو تێیدا هاتبوو:

1. هەردوولا سەرکۆنەی تیرۆر دەکەن، ئیتر ئاراستەو سەرچاوەکەی هەرکوێ بێت و بڕیار دەدەن بەهاوبەشیی دژ ایەتیی بکەن و رێ و شوێنی پێویست بگرنەبەر بۆبڕینەدانی هیچ پەناگەو رێڕەوێك بۆچالاکییە تیرۆریستییەکان و ئاراستەکردنیان دژ بەلایەنەکەی تر لە خاکی هەردوو دەوڵەتدا...

2. هەردوولا رێگە بەچالاکیی نارەوا نادەن، کەهەرەشە لەئاساییش و سەقامگیریی دەوڵەتەکەی تر بکات و پەرە بەهاریکاریی ئاڵوگۆڕیی دەدەن، لەنێویشیدا ئاڵوگۆڕی زانیاریی دژی رێکخراوو کۆمەڵەو کەسایەتییەکان، کە بەو چالاکییانە هەڵدەستن.

3. هەردوولا هەڵدەستن بەزیادکردنی رێ و شوێنی گیراوەبەربەرامبەررێگریکردن لەپەڕینەوەی نارەوا بەدرێژ ایی سنووریی نیشتیمانیی و ئەو ئامانجەش بەپتەوکردنی هاریکاریی ئاڵوگۆڕلەنێوان دەسەڵاتداران ی سنووری هەردوو وڵات وەدەستدەهێنن.

4. هەردوولا رێ و شوێنە ئاراستەکراوەکان زیاتر دەکەن، بۆرێگرتن لەو کەسانەی، کەبەڵگەنامەی ساختە هەڵدەگرن لەکاتی هاتنەناوەوەو دەرچوون لەرێگەی یەکێك لەو دوو دەوڵەتەوە. هەروەها رێگریکردن لەپەڕینەوەی مادە هۆشبەرەکان.

5. بەردەوامیی ئاڵوگۆڕیی زانیاریی و بەڵگەنامە، کەیارمەتی قۆڵبەستکردن و راگرتنی تۆمەتباران و بەسەربازگرتووە هەڵاتووەکان دەدات و پەرەپێدانی ئامرازیی تەواو بۆ ئەم ئامانجە. هەروەها گێڕانەوەی قۆڵبەستکراوان بەخێر ایی پێویست بۆئەو دەوڵەتەی، کەهەڵگریی رەگەزنامەکەیەتی.

6. پەرەپێدانی رێ و شوێنی گیراوەبەربۆرێگریکردن لەڕوودانی تەقەی بێپاساو بەدرێژ ایی سنووری هاوبەش لەنێوان کۆماری تورکیاو کۆماری عەرەبیی سوریا.

7. بڕیار لەسەر ئەنجامدانی کۆبوونەوەی خولیی بەرپرسانی ئاسایشیی هەردوو وڵات (3 مانگ جارێك) دەدرێت.

8. لایەنی تورکیا دڵەڕاوکێی خۆی دەربڕی بەرامبەرچالاکییەکانی pkkو لایەنی سوریا رایدەگەیەنێت:" پارتی کرێکارانی کوردستان بەرێکخراوێکی نارەوا لەسوریا دادەنێت و ئەندامانی ئەو رێکخراوە کاتێ دەستگیردەکرێن ئاراستەی دادگا دەکرێن و دەخرێنە بەردەم دەزگای دادوەریی تایبەتمەند.[3]

دوای ئەم رێکەوتننامەیە وەزیری دەرەوەی تورکیا(حیکمەت چەتین) لەکاتی سەردانکردنی دیمەشق لە مانگی (1992/8) رایگەیاند:"هاوکاریی سوریا بۆ تورکیا سەبارەت بە مەسەلەی کورد، رێگە لەبەردەم هاریکاریی هەردوولا دەکاتەوە لە بوارەکانی تری وەك بازرگانیی و وزەدا،

[1] مانويل شيفلر: الاتفاقيات الدولية للمياة رؤيا للمقارنة، من كتاب والتينا شومان ومانويل شيفلر: المياة في الشرق الاوسط نزاعات محتملة وتعاون مأمول، م.س، ص52.

[2] د.عماد الضميري: تركيا، م.س، ص(33-34)، د.وليد رضوان: العلاقات العربية، م.س، ص197.

[3] على جمالو: ثرثرة فوق المياه، م.س، ص19.

**لەبەرئەوەی توركیا بە بایەخەوە بۆ ئەم هاریكارییە دەڕوانێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جوڵانەوەو چالاكیی PKK، دوای ئەوەی سوریا سەربازگەكانی ڕاهێنانی لە دۆڵی بیقاعی لوبنان داخستو چالاكییەكانیانی لە نێو خاكەكەیدا قەدەغەكرد".[1]**

**لێرەدا بەوردبوونەوە بۆ هەردوو پرۆتۆكۆڵو ڕێكەتننامەكەی نێوان توركیاو سوریا تێبینی ئەوە دەكەین، كەبەرلەوەی شەقڵێكی سیاسیی وەربگرن، خەسڵەتێكی ئاسایشیان وەرگرتووە، بەجۆرێك بۆ توركیا ئاسایشی نەتەوەیی و بۆ سوریاش ئاسایشی ئاویی. ئەمەش بەئاشكرا كاریگەریو پەیوەندی كێشەی كوردە لەسەر پەیوەندییەكانی توركیاو سوریا، چونكە گەر لەبەندو خاڵەكانی هەردوو ڕێكەوتننەكە وردبینەوە، دەبینین ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ كێشەی كورد گرێدراوە بەئاسایشی نەتەوەیی توركیاو ئاسایشی ئاویی سوریاوە.**

**لەكۆتاییدا دەتوانین بگەینە ئەوەی، كەتوركیا سوور بووە لەسەر ئەوەی هەر ڕێكەوتننامەیەك لەگەڵ سوریا تایبەت بەكێشەی ئاویی نێوانیان ئەنجام بدات، پەیوەستی كردووە بەكێشەی كوردەوە،[2] ئەمەش واتە گرێدانی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بەئاسایشی ئاویی سوریاوە، چونكە دواجار ئەوە ڕوونبوویەوە، كەهەرچی توركیا ئاتاجی بەپارێزگاری لەئاسایشە نەتەوایەكەی هەبووەو سوریا ئاسایشە ئاوییەكەی، كەلەم نێوەندەدا سەرباری فاكتەرە كارتێكەرەكانی دیكە، كێشەی كوردو جوڵانەوەی چەكداریی كورد فاكتەرێكی كاریگەری ئەو پەیوەندییانە بووەو كارایی بەسەر ئاسایشی نەتەوەیی توركیاو ئاسایشی ئاویی سوریاوە لەو قۆناغە مێژووییەدا هەبووەو ڕێكەوتننامەو پرۆتۆكۆلە سیاسیی و ئاوییەكانیش بەڵگەی ڕوونی ئەم كاریگەرییەی كێشەی كورد بوون.**

[1] د.نبيل السمان: المياه وسلام الشرق الاوسط، دمشق، 1997، ص75، ود.عبدالعزيز شحادة المنصور: المسالة المائية فى السياسة السورية تجاه تركيا، ط1، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 2000، ص255.

[2] بيان العساف: انعكاسات الامن المائي العربي علي الامن القومي العربي، م.س، ص(365-366).

## دەرئەنجام

پەرەسەندنی جوڵانەوەی چەکداریی کورد لەهەشتاکانی سەدەی رابردوو لەتورکیادا پاڵنەرێکی گەورە بوو بۆئەوەی ئەو وڵاتە لەسیاسەتی دەرەوەو پەیوەندی هەرێمی لەگەڵ سوریادا پەنا بباتە بەر بەکارهێنانی کارتی ئاو وەك گوشارێك بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری کێشەی کورد لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی. ئەوەش بەگرێدانی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بەئاسایشی ئاویی سوریاوە، سەرباری ئەوەی هەمیشە هەوڵیداوە خۆی بەدوور بگرێت لەچارەسەرکردنی یەکجارەکی کێشەی ئاویی نێو انیان. بۆیە زیاتر پشتی بەو بیردۆزانەی چارەسەرکردنی گرفتی ئاویی بەستووە، کەمافی مامەڵە پێوەکردنی سەرچاوەو رووبارە ئاوییەکان دەبەخشێتە ئەو وڵاتەی، کەرووبارەکە لەخاکەیەوە هەڵدەقوڵێت، بەو پێیەی تورکیا رووباری دیجلەو فوراتی وەك رووباری نیشتیمانی هەژمار دەکرد لەبری رووباری نێودەوڵەتیی.

هاوکات کاریگەری کێشەی کورد لەسەر پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان تورکیاو سوریا لەماوەی ساڵانی نێوان (1987-1992) بەجۆرێ رەنگیداوەتەوە، کە لەپرۆتۆکۆڵو رێکەوتننامە ئاویی و سیاسییەکانی نێو انیاندا، پەیوەستکراوە بەئاسایشی نەتەوەیی تورکیا لەلایەك و ئاسایشی ئاویی سوریا لەلایەکی ترەوە، هەربۆیە لەو رێکەوتننامەو پرۆتۆکۆلانەدا تێبینی ئەوە دەکەین، کەتورکیا کاتێك ئامادەیە مافی ئاویی سوریا بدات، کەسوریا پابەند بێت بەرەچاوکردن و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیاوە. ئەمەش بەئاشکرا بوونی پەیوەندییەکی راستەوخۆی کێشەی کوردمان بۆ دەردەخات لەتورکیا بەهەردوو چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیاو ئاسایشی ئاویی سوریاوە لەو قۆناغە مێژووییەدا، کەدواجار ئاماندی تورکیا تەوقدانی مەترسیی و کاریگەرییەکانی کێشەی کورد بووە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی. بۆیە لەرێگەی رێکەوتننامەو پرۆتۆکۆلە سیاسیی و ئاوییەکانەوە هەوڵی گوشار خستنە سەر سوریای داوە بۆ دەستبەرداربوون لەپەنادان و داڵدەدانی جوڵانەوەی چەکداریی کورد.

The Kurdish issue in Turkish-Syrian relations from the Perspective of National Security and Water Security (1987-1992)

Abstract:
Since the establishment of the Republic of Turkey, the Kurdish issue has had a major impact on its foreign relations and has been a major threat to the country's national security. As a consequence of emerging the Kurdish armed struggle during the years of 1980s, Turkey had in different ways made an effort to blockade this influence in its regional relations with neighboring countries, In a way that Turkey endeavored to utilize its important resources in favour of its security and national interests, in order to counter internal and external threats, from its geopolitical position to its water source.
Therefore, concerning its relations with Syria, despite the bordering issue, Alexandria province and the Kurdish issue, Turkey has worked to link its national security to Syria's water security, using the water card to put pressure on Syria to stop supporting and harboring the Kurdish armed movement, which has used its territory to attack the Turkish army and security objectives. This was based on the view that Syria needed water for agriculture, industry and drinking water and that it mainly depended on water from the Euphrates River, which flows through Turkey and then flows into Syria. Therefore, the Kurdish issue has influenced the political and water agreements and protocols between Turkey and Syria between 1987-1992 in terms of national security and water security of the two countries
Key words: Turkey, Syrian, Kurdish issue, Water issue, Perspective of National Security and Water Security.

**خلاصة**

**منذ قيام الجمهورية التركية الجديدة كان القضية الكردية تأثير كبير على علاقاتها الخارجية وشكلت تهديدًا كبيرًا علي أمنه القومي. خلال سنوات الثمانينيات القرن الماضي بسبب ظهور الكفاح المسلح الكردي، أجبرت تركيا بطرق مختلفة باتخاذ اجر ائات للاحتواء هذه التأثير في علاقاتها الإقليمية مع الدول الجوار، اذ حاولت هذه الدولة استخدام كل مقوماته من موقعه الجيوبولتيكية الي ثروته المائية لخدمة مصالحه السياسية والامنية ومواجهة مخاطر وتهديدات الداخلية والخارجية.**

**لذا في علاقاته مع سوريا رغم وجود خلافات ومشاكل الحدود وقضية لواء الاسكندرونة والقضية الكوردية، قامت تركيا بربط أمنه القومي بأمن الامائي السوري واستخدام الورقة المائية بهدف الضغط علي سورية لأستغناء دعم وو ايواء الحركة الكوردية المسلحة، الذين يستخدمون اراضي سورية لشن هجمات علي أهداف تركيا الامنية والعسكرية. وهذه من الرؤية لأن سوريا يحتاج كثيرا للماء وخاصة نهر الفرات لمجالات الصناعة والزراعة والشرب. في حين هذه النهر ينبع من داخل تركيا وبعدها يعبر الي سورية. وفي الختام نعرف مدي تاثير القضية الكوردية و انعاكاساته من منظور الامن القومي والامن المائي علي الاتفاقيات والبروتوكولات السياسية والمائية بين تركيا وسوريا بين عامي (1987-1992) لهذه الدولتين.**

**سەرچاوەکان :**

**یەکەم – بەزمانی عەرەبی:**

**A- كتێب:**


1- جراهام فولر: الجمهورية التركية الجديدة، تركيا كدولة محورية في العالم الاسلامى، ط1، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ابوظبي، 2009.

2- جلال عبدالله معوض: صناعة القرار في تركيا والعلاقات العربية التركية، ط1، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.

3- جون بولوك وعادل درويش: حروب المياه، الصراعات القادمة في الشرق الاوسط، ت(هاشم محمد محمد)، المجلس الاعلى للثقافة، 1999.

4- جويس شيرا ستار: معاهدات حول المياه الشرق الاوسط، ت. عمار احمد حامد، ط1، الاهالي للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، 1999.

5- خورشيد حسين دلي: تركيا والقضايا السياسة الخارجية التركية، جمعية الكتاب العرب، دمشق، 1999.

6- د.ابراهيم خليل احمد ود.خليل على مراد: ايران وتركيا، دراسة في تاريخ الحديث والمعاصر، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، 1992.

7- د.رمزى سلامة: مشكلة المياة في الوطن العربي، احتمالات الصراع والتسوية، منشاءة المعاريف بالاسكندرية، 2001.

8- د.سالم محمد عبود و د.زياد محمد عبود: سياسة العطش ومستقبليات حرب المياه، دراسة في الوطن العربي والعراق، ط1، دار الدكتور للعلوم الادارية والاقتصادية، بغداد، 2012.

9- د.سليمان عبدالله اسماعيل: السياسة المائية لحوضى دجلة والفرات و انعكاساتها على القضية الكردية، ط1، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، 2011.

10- د.شكر اني الحسين: العدالة المائية من منظور القانون الدولي، رؤي استراتيجية، سبتمبر 2013.

11- د.عبدالعزيز شحادة المنصور: المسالة المائية في السياسة السورية تجاه تركيا، ط1، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 2000.

12- د.عبدالوهاب الكيالي واخرون: موسوعة السياسة، ج1، ط، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت،79 19.

13- د.عقيل سعيد محفوض: الخرائط المتوازية، كيف رسمت الحدود في الشرق الاوسط، ط1، مركز دمشق للابحاث والدراسات (مداد)، دمشق- سورية، 2016.

14- د.عقيل سعيد محفوض: السياسة الخارجية التركية، الاستمرارية – التغيير، ط1، المركز العربى للابحاث ودراسة السياسات، الدوحة، 2012.

15- د.عقيل سعيد محفوض: سورية وتركيا، الواقع الراهن واحتمالات المستقبل، ط1، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 2009.

16- د.عماد الضميري: تركيا والشرق الاوسط، مركز القدس للدراسات السياسة، 2002.

17- د.نبيل السمان: المياه وسلام الشرق الاوسط، دمشق، 1997.

18- د.وليد رضوان: العلاقات العربية- التركية في القرن العشرين السورية التركية- نموذجا، ط1، دار عبدالمنعم-ناشرون، حلب، 2004.

19- د.وليد رضوان: مشكلة المياه بين سورية وتركيا، ط1، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت، 2006.

20- داليا اسماعيل محمد: المياه والعلاقات الدولية، دراسة في اثر ازمة المياه على طبيعة ونمط العلاقات العربية- التركية، ط1، مكتبة مدبولى، القاهرة، 2006.

21- سعد ناجي جواد، دراسات في المسالة القومية الكردية، الدار العربية للعلوم، ( بيروت، ٢٠٠٥.(

22- سليمان عبدالله الحربي: مفهوم الامن: مستوياته وصيغته وتهديداته، دراسة نظرية في المهاهيم والاطر.

23- عايدة العلى سرى الدين: العرب والفرات بين تركيا واسرائيل، ط1، دار الافاق الجديدة، بيروت، 1987.

24- عايدة العلى سري الدين: الدول المثلث بين فكى الكماشة التركية الاسرائيلية، ط1، دار الفكر العربي، بيروت، 1997.

25- عبدالزهرة شلش العتابي: توجهات تركيا نحو الاقطار الخليج العربى، دراسة في الجغرافية السياسية، ط1، دار الشؤون الثقافية العامة(افاق عربية)، بغداد، 2002.

26- على جمالو: ثرثرة فوق الفرات، النزاع على المياه في الشرق الاوسط، ط1، رياض الريس للكتب والنشر، لندن، بيروت، 1988.

27- فارس مظلوم العانى وسعدى عبد عودة الفهداوى، وكمال احمد العانى: السياسات المائية و انعكاساتها في الازمة المائية العربية، ط1، دار الصفاء للطباعة والنشر والتوزيع، عمان- اردن.

28- فليب روبنس: تركيا والشرق الاوسط، ت(ميخائيل نجم خورى)، ط1، دار قرطبة، دار البيضاء، 1993.

29- م. عبد المعطي زكي: مفهوم الأمن القومي وعلاقته بالأمن المائي.

30- مانويل شيفلر: الاتفاقيات الدولية للمياة رؤيا للمقارنة، من كتاب والتينا شومان ومانويل شيفلر: المياة في الشرق الاوسط نزاعات محتملة وتعاون مأمول.

31- محمد بركات: مشكلات الحدود العربية، اسبابها النفسية و اثارها السلبية، ط1، اطلس للنشر والانتاج الاعلامى، قاهرة، 2005.
32- محمود الاشرم: اقتصاديات المياه فى الوطن العربى والعالم، ط1، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 2000، ص239.
33- منذر الخدام: الامن المائي العربى، الو اقع والتحديات، ط1، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 2001، ص200.
34- نجدت صبري ئاكره يي: الاطار القانوني للامن القومي، دراسة تحليلية، اربيل، 2004.
35- نوبار هوفيسبيان واخرون: فيروز احمد واخرون: تركيا بين الصفوة البيروقراطية والحكم العسكري، ط1، مؤسسة الابحاث ، بيروت.
36- هاينتس كرامر: تركيا المتغيرة تبحث عن ثوب جديد، ت(فاضل جتكر)، الرياض، ٢٠٠١.
37- يورج بار انادات و ايتول كابلان: القانون الدولي للمياة: نظم للتعاون ومناقشة المعاهدات الدولية للمياة، من كتاب والتينا شومان ومانويل شيفلر: المياة في الشرق الاوسط نزاعات محتملة وتعاون مأمول، ترجمة (ا.د.عبدالعزيز محمد البسام، ا.د.سمير محمود الشاذلي)، ط1، النشر العلمي والمطابع، جامعة ملك السعود، السعودية، 2006.
38- يوسف ابراهيم الجهماني: توركيا والشرق الاوسط، سوريا- المياه، اسر ائيل، ط2، دار حوران، للطباعة والنشر، 2009.

B- ماستةرنامةء تيَزي دكتؤرا:

1- بيان العساف: انعكاسات الامن المائي العربي علي الامن القومي العربي، دراسة حالة حوضي الاردن والر افدين، اطروحة دكتوراة غير منشورة، كلية العلوم السياسية والاعلام، قسم العلوم السياسية والعلاقات الدولية، جامعة الجز ائر، 2005.
2- درويش بلقاسم و حمومة توفيق: معضلة الامن المائي وتاثيرها علي الامن القومي في منطقة الشرق الاوسط، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة مولود معمري تيزي وزو، كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم العلوم السياسية، 2014-2015.
3- ريان ذنون محمود حسن العباسي، مشروع جنوب شرقي الاناضول وتاثيرة في العلاقات العربية – التركية، اطروحة دكتوراه غير منشورة قدمت الى كلية التربية – جامعة الموصل ٢٠٠٤.
4- سعد عبدالعزيز مسلط موسي الجبوري، التطورات السياسية الداخلية في تركيا (١٩٨٣-١٩٩١)- دراسة تاريخية، اطروحة دكتوراه غير منشورة قدمت الي كلية التربية – جامعة الموصل ٢٠٠٧.
5- وصال نجيب عارف العزاوي، القضية الكردية في تركيا – دراسة في التطور السياسي للقضية الكردية منذ بدايتها وحتي عام ١٩٩٣، اطروحة دكتوراة غير منشورة قدمت الي كلية العلوم السياسية – جامعة بغداد ١٩٩٤.

C- گۆڤار:

1- احمد حسين طه الاسودى: مشكلة المياه الدولية المشتركة(تركيا، سوريا، العراق)، مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية، مج(15)، ع(5)، حزيران 2008، جامعة تكريت.

2- اميرة اسماعيل العبيدى: اشكاليات السياسة المائية بين سوريا وتركيا، م(التربية والعلم)، مج(17)، ع(2)، 2010.

3- د. ريان ذنون العباسي: سليمان ديمريل ودوره فى تنمية مشاريع المياه التركية، مج(التربية والعلم)، مجلد(17)، ع(1)، 2010.

4- د.ابتهال محمد رضا داود: مشكلة المياه فى الوطن العربى(تركيا، سوريا، العراق)، م(دراسات دولية)، ع(الثامن والثلاثون).

5- د.حاتم مهدى الرفاعى: اشكالية المياه بين القانون والسياسة، مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية، ع(1)، مجل(7)، 2012.

6- د.حامد عبيد حداد: المشاريع المائية التركية فى حوضى دجلة والفرات، الاهداف والنو ايا، مجلة العلوم الاقتصادية والادارية، مج(18)، ع(65).

7- د.حامد محمود طه السويداني: العلاقات التركية السورية 1998-2011، مجلة (دراسات اقليمية)، ع (9)، مركز الدراسات الاقليمية التركية، جامعة الموصل.

8- د.ريان ذنون محمود العباسي: الاثار الاقتصادية والبيئية لمشروع جموب شرق الاناضول علي سوريا والعراق، مج(دراسات اقليمية)، ع(4)، 31كانون الاول 2005)، جامعة الموصل، مركز دراسات الاقليمية التركية.

9- د.عباس عبدالمحسين كاظم وظاهر عبدالزهرة خضير: تركيا ونهر الفرات، نظرة تحليلية فى الجغر افية السياسية، مج(ابحاث للعلوم الانسانية)، مج(36)، ع(3)، البصرة، 2011.

10- د.عبدالعزيز شعبان الحديثي: نهر دجلة والفرات بين الحقوق المكتسبة والسياسة المائية التركية، مج (ديالي)، العدد الخامس والثلاثون، 2009.

11- عبد الرضا كاطع حسون: المسؤلية الدولية عن الاستخدام الضارلنهر الفرات من قبل تركيا، مج(الكوفة) للعلوم القانونية والسياسية، ع(13)، مج(1)، جامعة الكوفة.

12- على ياسين عبدالله: التوجهات الحديثة فى الاستر اتيجية المائية بين(العراق، سوريا، تركيا)، مج(ديالة)، ع(الثامن والثلاثون)، 2009.

13- محمود سالم السامر ائى: المساومة فى السياسة الخارجية التركية، مج(العربية) للعلوم السياسية، ع(13)، شتاء 2007.

دووەم- بەزمانی کوری:

A- کتێب:

1- بەرز انی مەلا تەها: ئایینو مەزهەب لەکێشمەکێشی سیاسەتو ئایدۆلۆجیادا، چ1، چاپخانەی (یاد)، سلێمانی، 2019.

2- پ.ی.د.یاسین سەردەشتیو ئەو انیتر:مێژووی چەپ لەتورکیا، چ1، سلێمانی، 2016، ناوەندی توێژینەوەی مەلاجەمیل رۆژبەیانی.

3- د.سەلام عەبدولکەریم: پارتی کرێکار انی کوردستان PKK لەپەیوەندییە هەرێمییەکانی تورکیادا 1980-1999)، چ1، چاپخانەی (پەنجەرە)، تاران، ناوەندی مێژووی جەمیل رۆژبەیانی، سلێمانی، 2015.

4- کۆمەڵێ نوسەر: کێشەی کوردو پارتی کرێکار انی کوردستان لەپەیوەندییە نێودەوڵەتیو هەرێمییەکانی تورکیا (1978-2016)، و.لەعەرەبیەوە (د.سەلام عەبدولکەریمو بەرز انی مەلا تەها)، چ1، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ هزرو لێکۆڵینەوە، 2018.